# هونەری ڕوو خوێندنەوە و دەرخستنی نهێنیەکانی دەروون

## هونەری ڕوکەشزانیت تاکە هۆکاری زیرەکانەتە بۆ مامەڵە سەرکەوتووەکانت



- چاو... شتانێکی زۆر دەڵێت لەبارەی خاوەنەکەیەوە...چۆن دەیخوێنیتەوە؟
- چۆن جیاوازی دەکەیت لەنێوان ڕاستگۆ و درۆزن و بەسۆز و ڕقاویدا؟
- جۆرەکانی تەوقەکەکردن و ماناکانیان.

د. ایمن ابوالروس

وەرگێڕانی: م. هیلال کەولۆسی

Scanned by CamScanner

ktebi_pdf to you...m

| 238 | 19.2k | 7 |
|---|---|---|
| posts | followers | following |

Promote | Edit Profile

پەرەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

Ganjyna

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکا

rive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVslbo_

Ktebi_PDF




Scanned by CamScanner

# هونەری ڕوو خوێندنەوە و دەرخستنی نهێنیەکانی دەروون

## هونەری ڕوکەشزانیت تاکە هۆکاری زیرەکانەتە بۆ مامەڵە سەرکەوتووەکانت


نوسینی: د. ایمن ابوالروس

وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە

م.هلال کەولۆسی



چاپی یەکەم

٢٠١٣


Scanned by CamScanner

**لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما**

**زنجیرە (٤١٦)**

## ناسنامەی کتێب:

- ناوی کتێب: هونەری ڕوو خوێندنەوە ودەرخستنی نهێنیەکانی دەروون
- بابەت: دەروونزانی
- نوسینی: ایمن ابوالروس
- وەرگێڕانی: م.هلال صابر کەوڵۆسی
- تایپ: ئاسیا محمد
- نەخشەسازی و بەرگ: فواد کەوڵۆسی
- شوێنی چاپ: چاپخانەی گەنج
- نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم -- ٢٠١٣
- تیراژ : ١٠٠٠ دانە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکان ژمارە ()ی ساڵی ٢٠١٢ی پێدراوە.

ناونیشان: سلێمانی ــ بازاڕی سلێمانی ــ بەرامبەر بازاڕی خەفاف.

ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣) (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

Scanned by CamScanner

# پێشەکی

ڕەنگە باوەڕ بە کەسێك بکەیت و بە کەسێکی تر نا، لەگەڵ ئەوەشدا کەسیان ناناسیت! یان ڕەنگە بە دیتنی کەسێك ئاسودە بیت و بە یەکێکی دیکە ئاسودە نەبیت...ئەگەرچی لەگەڵ کەسیان نەژیاویت!

یان ڕەنگە لەگەڵ کەسێك قسان بکەیت و بدوێیت کەچی لەگەڵ یەکێکی تر نا...سەرەڕای ئامادەبوونی هەردوکیان لەهەمان جێگا!

ئایا دەزانیت گشت ئەمانە بۆچی؟!

لەبەرئەوەی ڕوکارمان وەك مرۆڤێك شتانێکی زۆر لەبارەمانەوە دەڵێت..جا ڕەنگە ئەرێنی یاخود نەرێنی بن یان سەرنجڕاکێش یا بێزراوبن..ئەوەش پێی دەڵێن زانستی ڕوو خوێندنەوە، ئەو زانستەیە کە لە ڕوکاری خەڵکی دەکۆڵێتەوە تاکو ناوەوەیان بەدەر بخات.

قورئانی پیرۆزیش دەفەرموێت:﴿ تعرفهم بسيماهم﴾ (البقرە:٢٧٣).



Scanned by CamScanner

هەروەها پێشەوا عەلی کوڕی ئەبو تالیب ڕەزای خوای لێبێت دەفەرموێت: ( ئەگەر کەسێك شتێك بشارێتەوە ئەوا لە ترازانی زمانی و پەڕەکانی ڕوخساریدا بەدەردەکەوێت).

پەندێکی دێرینیش هەیە دەڵێت: چاوی مرۆڤ ناونیشانی دڵیەتی.

پەندێکی پێشینانیش دەڵێت: "عینی فی عینك" واتە چاوم لەچاوتە، بەمانای ئەوەیە با چاوەکانت ببینم تا بزانم ڕاست دەکەیت یان درۆ...هتد.

زانستی ڕوکەشناسی (الفراسة) زانستێکی زۆر کۆنە..

عەرەبەکان لەم بوارەدا پێشەنگ بوون...وەستا و خاوەن سەلیقە بوون لەشوێن پێ هەڵگرتندا...خزم و نەوەکانیان دەناسیەوە لەڕێی سەرنجدانی ڕوکاری منداڵ و هاوشێوەبوونی لەگەڵ باوەکیدا..تەنانەت دەیان توانی قوڵی ئاو بزانن بەهۆی دیاردەکانی دەورەدراو بە خاك و خۆڵ وەك بۆنی خاکەکە و تایبەتمەندی ڕووەکەکان.

بەڵام زانایانی موسوڵمان هەندێکیان ڕوکەشناسیان بەیەکێك لە زانستە پزیشکیەکان داناوە... پزیشکە بەناوبانگەکانی وەك ئیبن سینا و ڕازی و ئیبن ڕوشد لەو بارەیەوە شتی زۆریان نوسیوە.. لەو نێوەشدا کتێبی ( السیاسة في علم الفراسة )



Scanned by CamScanner

بەیەکێك لە گرنگترین دانراوەکانی ئەم بوارە دادەنرێت کە پزیشك ( عبدالله شمس الدین الانصاری ) نوسیویەتی.

بەلاّم بنەماکانی زانستی ڕوو خوێندنەوە و ڕوکەشناسی وەك زانستێکی سەربەخۆ پێشەنگایەتیەکەی لە ڕێکخستن و نوسین و پۆلێن کردنیدا دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوفی یۆنانی ( ئەرەستۆ)، ئەوەش سەدەی چوارەمی پێش زاین بوو، لەدوای ئەرستۆ زۆر کەسی تر پشتیان بە دانراو و نوسراوەکانی ئەرستۆ بەست لە زانستی ڕوکارخوێندەوەدا و کردیان بە سەرچاوەیەکی گرنگ لەم بوارەدا.

بەلاّم لەسەدەی نوێ دا و لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی ئەرکی ئەندامەکان physiologt و زانستی دەرونیدا psychology زانستی ڕوکەشناسیش شێوازێکی نوێی گرتە بەر، کە ڕاوەستاوە لەسەر بنەما گەلێکی فسیۆلۆجی ئەویش لەسەر دەستی ( تشارلز) هاتە کایەوە کاتێك کتێبەکەی بەناوی ( مقالة عن تشريح التعبيرات ) نوسی، لەساڵی ١٨٠٦ زاینیدا، ئەم کتێبە یەکەم کتێبی زانستی بوو لەبارەی پەیوەندی دیمەن و نیشانە ئەندامیەکان بەهەست و هەڵچونەکانەوە، کەڕاڤەی بۆ کاریگەریی هەست و هەڵچونەکان کردووە لەسەر ماسولکە جۆراو جۆرەکان و چۆنیەتی دەرکەوتنی ئەو دەربڕین و



Scanned by CamScanner

نیشانانەی کە ئاماژە بە سۆز و هەڵچوونگەلێکی دیاریکراو دەدەن.

وە لەساڵی ١٨٠٠ دا فەیلەسوفی بەناوبانگ ( هربرت سبنسر) پەرتوکێکی نوسی لەبارەی (دەرونزانیی ڕوکاریەوە) تیایدا باسی ئەوەی کرد کە پەیوەندی هەیە لەنێوان باری دەرونی و دیمەن و ڕوکارە جەستەییەکاندا.

هەروەها ( تشارلز دارون) لەسەر بنەمای کارەکەی پێشوو هەستا بەنوسینی کتێبێک ( التعبير عن الانفعالات ) ئەویش لەساڵی ١٨٧٢ دا کە کۆمەڵێک ڕێسای گرنگی جێگیرکرد بۆ زانستی ڕوکەشناسیی سەردەم.

خوێنەری بەڕێزم لەم کتێبەشدا تێکەڵکردن و بەستنەوە دەکەین لەنێوان هەندێك بنەمای زانستی ڕوکەشناسیی کۆنی پشت بەستوو لەزۆرێك لەلایەنەکانیدا بە ئەزمون و شارەزایی و فیترەت و هەروەها زانستی ڕوکەشناسیی سەردەم و ڕاڤە زانستیەکانی، بەرهەمێکی گەورە لە مانا و دەربڕین و دەرەنجام و ڕاڤەکان بژار دەکەین و هاوکاریمان دەکەن لە تێگەیشتن لەخەڵکانی تر و خوێندنەوەی بیریان، کە بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت بۆ سەرکەوتن لە ژیانی کردەییماندا....لەگەڵ سڵاوو ڕێزم..



Scanned by CamScanner



# چۆن ڕوخساری ئەوانی تر دەخوێنیتەوە؟

◈ **هەر ڕوخسارێك ئاماژە و دەربڕینی تایبەتی خۆی هەیە:**

لەنێوان مرۆڤەكاندا ڕوخسارێك نیە هەروەك ڕوخسارێكی تر، خودای گەورە هەموانی لەیەكتر جیا كردۆتەوە بەهۆی ڕوخسار و دیمەنگەلی جیاوازەوە.

خەڵكی لەدێر زەمانەوە هەوڵیان داوە ئاماژە بەناخ و تایبەتمەندیە كەسێتیەكان بكەن لەمیانەی سروشت و شێوازی دیمەنە جیاوازەكانی ڕوخسارەوە، وەك : چاو، لێوەكان، لوت....هتد.

لەهونەری خوێندنەوەی ئاماژەكانی ڕوخساردا چەندین فەیلەسوف و كەسایەتی بەناوبانگی وەك ( ئەرستۆ، جون فیرن، ڕازی، ئیبن سینا...جگە لەوانەش) بەدەركەوتوون.

وەرن با پێكەوە بزانین دیارترین ئەو سیفەت و تایبەتمەندیانە چین كە ئاماژە و نیشانە جیاوازەكانی ڕوخسار دەیدەن بەدەستەوە، ئەو نیشانانەی زۆرێك لەوانەی لەم بوارەدا پێشەنگ بوون تارادەیەكی زۆر یەك دەنگ بوون لەسەر دروستیەكەی.



Scanned by CamScanner

◈ چاوەکان..

هەر جوتە چاوێك شێوازێکی تایبەتی هەیە و هەر شێوازێکیش دەربڕینێك:

◈ چاوە فراوان و گەشەکان:



چاوە گەورە و فراوانەکان

ئاماژە بە پاکێتی و ڕونبێژی و داوێن پاکی دەکەن، بەڵام پێویستە لەنێوانیاندا بۆشاییەکی گونجاو هەبێت نەك تەسك، تاکو ئەم تایبەتمەندیە بچەسپێت بەسەر خاوەنەکەیدا.

◈ چاوە بچوك و تەسکەکان:



چاوە بچوك و تەسکەکان

ئەم چاوانە پێچەوانەن لەگەڵ چاوە فراوان و گەشەکاندا چونکە ئەمان زۆربەی جار ئاماژە بە فێڵ و تەڵەکە دەکەن.

◈ چاوە لێك نزیکەکان:

بەڵام نزیکی چاوەکان لەیەکتریەوە و کەمبونەوەی ڕوبەری نێوانیان ئاماژەیە بەوەی کە خاوەنەکەی جێی متمانە نیە



چاوە لێك نزیکەکان



Scanned by CamScanner

و پێویستە سڵی لێبکرێتەوە، ئەوە مرۆڤێکی فێڵباز و پیسە.

## چاوە لێک دورەکان:

ئەو چاوانەی کە ڕوبەر و ماوەیەکی فراوانی پێویست دەکەوێتەوە نێوانیانەوە ئامارژە بە تایبەتمەندیەکانی جوامێری و



چاوە لێک دورەکان

شکۆمەندی و ئارەزوی چاکەکردن دەکەن، هەروەها ئامارژە بە زیرەکی و بیرفراوانی دەکەن.

بەڵام نابێت تێکەڵ بکەین لەنێوان ئەم شێوازە و ئەو شێوازەی کە چاوەکان تیایدا لێک دورن بەڕادەیەکی زۆر گەورە کەجێی سەرنجدانە، چونکە زۆربەی جار ئەم شێوازەی دووەمیان ئامارژەیە بۆ گەوجێتی و عەقڵ پێ نەشکان.

## چاوە دەرپەڕیو و چاوە بەقوڵاچووەکان:

مەبەست لەدەرپەڕین دەرتۆقینی چاوە کە پێچەوانەی بەقوڵاچوونە، بەگشتی خاوەن چاوە دەرتۆقیوەکان بە ڕەوانبێژی و بەهرەمەندی لە وتاردان و نوسین و زماندا دادەنرێن، ئەوان بەشێوازێکی گشتی و گشتگیر بۆ کاروبارەکان دەڕوانن و ناچنە نێو وردەکاریەکانەوە، جیاواز لە خاوەن چاوە



Scanned by CamScanner

بەقولاَچووەکان کە گرنگی بە وردەکاری بەشەکانی کاروبارەکان دەدەن.

### ❖ ڕەنگی چاوەکان و پەیڤەکانیان:

ڕەنگی چاوەکانیش دیسان ئاماژە و پەیڤی تایبەتی خۆیان هەیە:

بەشێوازێکی گشتی ڕەنگەکانی چاو دابەش دەبێت بۆ ڕەنگە کاڵ و ڕەنگە تۆخ و تیرەکان...ڕەنگە کاڵەکان بەگشتی لە وڵات و ناوچە ساردەکاندا بڵاوە و زۆربەی جار لەگەڵیدا ڕوخسارێکی سپی و مویەکی کاڵ و خاو و نەرم هەیە، بەگشتی خاوەنەکەی بە نەرمونیانی و ڕوخۆشی و دانایی و سوکەڵەیی جیادەکرێتەوە..بەلاَم ڕەنگە تیرەکان لە تایبەتمەندیەکانی خەڵکی ناوچە گەرمەکانە و بەگشتی مویەکی ڕەق و زبر و لول و ڕوخسارێکی گەنم ڕەنگ یان ئەسمەر (بۆر) یاوەریەتی، بەگشتی ئاماژەیە بۆ هێز و درێتی، ڕەنگە ئەو هێزەش شاراوە بێت و دەرنەکەوێت مەگەر کاتی پێویست نەبێت، وەکو ئاگری ژێر لم (کا).

کاتێکیش چاوە ڕەنگ تیرەکان لەگەڵ ڕوخسارێکی سپی یان چاوە کاڵەکان لەگەڵ ڕوخسارێکی بۆر یان گەنمی



Scanned by CamScanner

یەکدەگرن پێچەوانەی شێوازە گشتی و باوەکە ئەوا بەگشتی ئاماژەیە بە هێزێکی تێکەڵ لە نەرمونیانی و لەسەرخۆیی.

چاوە شینەکان: ئاماژەیە بۆ بوێری و ئازایەتی.

چاوە شینە کاڵەکان: ئاماژەیە بۆ خۆپەسەندی و خۆخۆشویستن.

چاوە خۆڵەمێشیەکان: ئاماژەیە بۆ هێزی کاریگەریی دەرونی لەسەر ئەوانی تر، زۆربەی جاریش خاوەنەکەی بە وەفاداری و هەست و سۆز ناسکی جیادەکرێتەوە.

## بڕۆکان..

شێوازی بڕۆکانیش پەیوەندی بە ڕەفتار و سروشتی مرۆڤەکانەوە هەیە:

### بڕۆ پەیوەستەکان:

ئەو جوتە بڕۆیەن کە لەسەرو لوتەوە بەیەک دەگەن هەروەک ئەوەی یەک خەتی ڕێک بن، بەشێوازێکی گشتی ئەم جۆرە بڕۆیە ئاماژەیە بۆ خێرایی هەڵچون و توڕەیی و ئاسان هاندرانی لەوانی تر بەبێ هۆ یاخود بەهۆکارێکی پڕوپوچ.



بڕۆ پەیوەستەکان



Scanned by CamScanner

### ◈ برۆ لارەکان بۆ سەرەوە:

ئـەو برۆیانـەن کـە لـەلاکانی دەرەوەیانــدا بۆســەرەوە بــەرز بونەتەوە، بەگشتی خاوەنەکەیان بــە ئــارەزوی گاڵتــەکردن و ڕەخنــەگرتن و سەربەســتی بیرکردنەوە جیادەکریتەوە.



برۆکانی لارەوەبوو بۆ سەرەوە

### ◈ برۆ ڕێکەکان:



برۆ ڕێکەکان

دوو بــرۆی ڕێــك و ڕاســتن، ئاماژەن بۆ لەسەرخۆیی و هێمنی و هۆشیاری و بیرکردنـەوەی دروسـتی دور لـە تونـدو تیـژی و لایەنگیری و ئارەزوبازی.

### ◈ برۆ کەوانەییەکان:

بـرۆ کەوانەییـەکان ئامـاژە بــــۆ کەســـــایەتیەکی پەروەردەکراوی هەست ناسك و بەبـەزەیی دەکـەن، لەهـەمان کاتـدا ئاماژەشـن بـۆ لوتبـەرزی و گرنگـی دان بـەمادە و شـتە پوچەکان.



برۆ کەوانەییەکان



Scanned by CamScanner

### ◈ برۆ نزیکەکان لە لوتەوە:



برۆ نزیەکان لە لوتەوە

ئـەو جوتــە برۆیــەن کــە ماوەیـــەکی کـــەم هەیـــە لەنێوانیاندا لەسەروو لوتـەوە بـــەڵام پێوەســـتیش نـــین پێکـــەوە، ئامــاژەن بــۆ بــەهێزی بیرکردنــەوە و گرنگیــدان بـــە وردەکـــاریی کاروبارەکـــان و ڕۆچـــون لـــەقوڵایی شـــتەکاندا، هــەروەها ئامــاژەن لەســەر مێشك ساف و توانــای گەیــشتن بــە بڕیاری ڕاست و لەجێی خۆیدا.



Scanned by CamScanner

## ◈ لـــوت..

**شێوازی لوت شتانێکی زۆرت پێ دەڵێت لەبارەی خاوەنەکەیەوە!**

لوت بەیەکێك لە نیشانە و دیمەنەکانی ڕوخسار دادەنرێت و دەربڕینەکانی لەهەموویان ڕونترە وەك چاوەکان یان پرچ چونکە شیاوی داپۆشین یان ڕازاندنەوە نیە ، لەبەر ئەوە گرنگیەکی تایبەت دراوە بە ئاماژەکانی لوت و ئەوەی کە دەیڵێت لەبارەی خاوەنەکەیەوە.

لوت چەندین شێوازی زۆری هەیە بەپێی درێژیەکەی و دوو کونەکەی و گەورەو بچوکیەکەی دەگۆڕێت، هەندێك لەم شێوازانەش بە ناوی تایبەتی ناسراون وەك لوتی یەهودی(جولەکەیی) و لوتی یۆنانی..کەواتە وەرن با پێکەوە بزانین ئاماژەکانی لوت چیمان پێ دەڵێن بەپێی جیاوازی شێوازەکانیان..



لوتی جولەکەیی

### ◈ لوتی یەهودی:

شێوازێکی زۆر ناسراوی هەیە و لای زۆرینەی خەڵکی دیار و ئاشکرایە، بەوە جیادەکرێتەوە کە لە ناوەڕاستیەوە بەرز و دەرپەڕیوە ، لەگەڵ تەنگ بونەوەی لەلای



Scanned by CamScanner

سەرویەوە بەجۆرێك وای لێدەكات لەپردی تاق بچێت،ئەم جۆرە لوتە بەلوتی یەهودی ناسراوە؟ چونکە یەکێکە لە نیشانە جیاکەرەوەکانی جولەکە، هەروەها ئەم جۆرە لوتە لەناو خەڵکی شامیشدا بڵاوە بەتایبەت ئەوانەی کە لە باوان و باپیرە فینیقیەکانەوە بۆیان ماوەتەوە.

دیارترین تایبەتمەندیەکانی کەسانی خاوەن ئەم لوتە یەهودیە بریتیە لە بەهرە و توانای بازرگانی و توانای بەدەستهێنانی ماڵ بەهۆی ئاڵوگۆڕ و گۆڕینەوەوە، ئەوەی کە هەر بەڕاستی لای جولەکە ناسراوە و باوە، وەك چۆن فینیقیەکانیش لە بەهرەدارترین بازرگانەکان بوون.

## ◈ لوتی ئیغریقی (یۆنانی):

لوتێکی تایبەتە کەزۆرێك لە ئیغریقیەکان و نەوە یۆنانیەکانیان هەیانە، ڕەنگە بەناوبانگترین کەسیش کە بەم لوتە جیاکرابێتەوە ئەلیکساندەری گەورە بووبێت، لوتی ئیغریقی بەوە جیادەکرێتەوە لوتێکی ڕێکە کەخەریکە دەبێتە هێڵێکی ڕاست



لوتی یۆنانی

لەگەڵ تەویڵدا، بەگشتی لوتێکی جوان دیمەنە، ئەم جۆرە لوتە ئاماژەیە بە زەوق جوانی و ڕێک پۆشی و ئارەزوە هونەریەکان و عەشقی جوانی و سروشت، ئەمە تایبەتمەندیانەش لە شوێنەوارەکانی شارستانیەتی یۆنانی


لوتی گەورە و پان

کۆندا بەدی دەکەین، ئەم لوتە لە ئافرەتاندا جیادەکرێتەوە بە ڕێکپۆشی و جوانی ڕوکار و باش هەڵبژاردنی جلوبەرگ و پۆشاکەکانیان و گونجان لەنێوانیاندا...وە بەگشتیماڵەکانیان بە ڕازاوەیی و دەست پیاهێنانی جوانکاری جیادەکرێتەوە بەجۆرێك لەکەلو پەل و کەرەستەکامی ناوماڵەکانیاندا بەدەر دەکەوێت..وهتد.

### ◈ لوتی پان:

ئەو لوتە پانەیە کە بە دوو کونەلوتی پان و فراوان جیادەکرێتەوە وەك لەنێو خەڵکی سودان و زنجیەکان و جگە لەوانەشدا بەدی دەکرێت.

ئەم جۆرە لوتە زۆربەی جار ئاماژە دەکات بە ملکەچی و لاوازی هێز و دەسەڵات، خاوەنەکانی بەگشتی ئەوانە نین کە هەوڵ بۆ دەسەڵات دەدەن و خاوەنانی کۆشك و تەلاریش نین.



Scanned by CamScanner

## ◈ لوتی قنج و بەرز:

مەبەست لەو جۆرە لوتەیە کە قنج و بەرزە...بەگشتی خاوەنانی ئەم جۆرە لوتە جیادەکرێنەوە بە ڕۆحی قۆشمەچێتی و گاڵتەکردن و ڕوخۆشی، خاوەنانی ئەم جۆرە لوتە دەتوانن کە خۆشی و شادی بخەنە دڵی ئەوانی تر و هەروەها بەوەش جیادەکرێنەوە کە خۆتێهەڵقورتێنن و دەست دەخەنە کاروباری ئەوانی ترەوە...



لوتی قنج



Scanned by CamScanner

## ◈ لێوەکان..

نەرمونیانی و دڵرەقی هەست پێ دەکەیت بەهۆی شێوازی لێوەکانەوە!

## ◈ لێوە ئەستورەکان:



• بەزۆری لە سروشتێکی مادیەوە گەشە دەکەن، خاوەنەکەی گوێ نادات بە سۆزەکان، بەڵکو سەرقاڵەبە خۆشیەکانی دونیا لەخواردنی بەتام و پۆشاکی جوان و سەروەت و سامانێکی بەربڵاو کە ئارەزو و هیوات و خۆشیەکانی بۆ دابین بکات، ئەو کەسەی ئەم جۆرە لێوەی هەیە سروشت و ڕەفتارێکی ڕەق و توندی هەیە ئەگەر هاتوو توڕەیان کرد.

## ◈ لچی شۆڕ و ئەستور:

بەگشتی لەسروشتێکی ئاژەڵی و دڵ ڕەقەوە گەشە دەکات و سەرقاڵی یەکەمی بریتیە لە تێرکردن و ڕازی کردنی ئارەزوەکان.



Scanned by CamScanner

❖ **لێوە تەنك و باریکەکان:**



لەخۆپەسەندی و سۆز ساردیەوە گەشە دەکەن و خاوەنەکەی خێرا تورەدەبێت بەتایبەت ئەگەر کەسێك دەستی خستە کاروباریەوە..ئەم جۆرە کەسە ئارەزوی زاڵبون و دەست بەسەرداگرتن و بڕیاردان دەکات و جیادەکرێتەوە بەڕۆحی هەوڵدان و ورەی بەهێز.

**کەوانەی تەشیلەیی:**



بریتیە لە شێوازێك لە شێوازەکانی دەم، کە دوو لێوی کەوانەیی لەسەر نەخشاوە بەشێوازێکی جوان لەنێوان باریکی و تەشیلەیی بوندا.

خاوەنانی ئەم جۆرە دەم و لێوە جیادەکرێنەوە بە سیفات و تایبەمەندیە جوانەکان، واتە خاوەنی ڕەوشت و نەرمونیانی و دەرونێکی ئارام و لەسەر خۆو و گەشبینی و دلسۆزین..لەبەر ئەوە دەکرێت پشتیان پێ ببەسترێت و متمانە بکرێت بە کار و بۆچونەکانیان.



Scanned by CamScanner

## ❖ دەمی ناڕێك:

ئەو جۆرە دەمەیە کە لچ و لێوەکەی لەئاستی یەکدا نیە و وەکو یەك نین، ئەم جۆرە دەمە لە ناڕێکی سروشت و ڕەوشتەوە گەشە دەکات، خاوەنەکەی بەگشتی فێڵباز و چەند ڕوو و سوکە و زوو دەگۆڕێت، لە بۆچونیەکیەوە دەچێت بۆ ئەوی تر و لەهەڵوێستێکیەوە بۆ یەکی تر..ناڕێکە لە هەڵسوکەوت و مامەڵەکانیدا و لەسەر یەك بار جێگیر نابێت.



Scanned by CamScanner

### ❖ چەناگە..

کەسایەتی ئەو مرۆڤە بناسە کـە مامەڵـەی لەگـەڵ دەکـەی لـەڕێی شێوازی چەناگەیەوە:

چـەناگە بـەپێی سروشـت و شـێوازەکەی زۆر شـت لـەبارەی خاوەنەکەیەوە دەڵێت..

### ❖ چەناگەی درێژ (دیار):

نیـشانەیە بـۆ کۆڵنـەدان و توانـا و وورە بـەرزی، هـەروەها ئامارژەیـە بـەوەی کـە هـەڵگری ئـەم جـۆرە چـەناگەیە خـاوەنی شەرم و خۆپارێزیە.




### ❖ چەناگەی خرپن(گۆشتن):

بەڵام چەناگەی خرپن و گۆشتن ئامارژەیە بە تەسکی بیر و هۆش...هـەروەها ئامارژەیـە بـە خۆتێهـەڵقورتان و زانستخوازی (حەزکردن بەزانین).



Scanned by CamScanner

## ◈ چەناگەی چوارگۆشە:

ئاماژەیە بە قیرسچمەیی و کەللەڕەقی و گیری و کۆڵنەدان و خۆئالاّندن بە بیرۆکە و بۆچونەکاندا...لەبەر ئەوە خاوەنانی ئەم جۆرە چەناگەیە بەگشتی لە خەباتکار و تێکۆشەرانن، ئەوانەی کە گوێ بە مەترسیەکان نادەن لەپێناوی چەسپاندنی بیرۆکە و بۆچونەکانیاندا.

## ◈ چەناگەی بۆ دواوە لار:

ئەوانەی ئەمجۆرە چەناگەیان هەیە بەگشتی جیا دەکرێنەوە بە چەنەبازی و زۆر قسەکردن و ووتـی ووتـی..وەك چۆن بـە لاوازی ورە و کەمتەرخەمیش جیادەکرێنەوە.




## ◈ چەناگەی خڕ:

ئامارژەیە بۆ خۆگێلکردن و حەزکردن بە تەمبەڵی..هەروەها ئەوانەی ئەم جۆرە چەناگەیان هەیە بەوەش جیادەکرێنەوە کە

حەزیان بە کۆڕەکانی گاڵتەبازی و دەمەتەقێ هەیە، هەروەها کەسێك ناتوانێت پەلەیان لێ بکات لەکردنی شتێکدا، هەروەها دانیشتن و چونە ناوەوە لە گفتوگۆ و قسە پێکەنیناوی و نوکتەئامێزەکاندا بەباش دەزانن.

## ◈ چەناگەی دوو بەش (چاڵ):

ئەو جۆرە چەناگەیەیە کە لەباری درێژی دەڵێی دوو بەشە، بەزۆری وا دەرەکەوێت هەروەك ئەوەی دوو چەناگەی پێکەوە لکاو بێت.. بەگشتی ئەم چەناگەیە لای



چەناگەی دوبەش یان چاڵ      چەناگەی خڕ

پیاوان دەردەکەوێت لای ئافرەتانیش هەیە بەڵام دەگمەنە..دیارترین تایبەتمەندیەکانی ئەو کەسانەی ئەم جۆرە چەناگەیان هەیە ئارەزوی بەلێشاویان بۆ خۆشەویستی..ئەو جۆرە کەسانە تێرنابن لە خۆشەویستان و ناتوانن بژین بەبێ خۆشەویستان..لەبەر ئەوە خۆیان بەخت دەکەن لەپێناوی خۆشەویستەکانیاندا.

## ◈ گوێیەکان..

**گوێ یەکێکە لە بەهێزترین نیشانە و دیمەنە بۆماوەییەکان کە خاوەن ئاماژەی تایبەتە:**

هەندێك لەتوێژەران وای دادەنێن کە گوێ یەکێکە لەگرنگترین ئەندامەکانی پەیوەست بە زنجیرەی بۆماوەوە، شێوازی گوێ یەکێکە لەو دیمەنانەی ڕوخسار کە زۆرتین سیفاتی بۆماوەیی لەباوانەوە بۆ نەوەکان تیایدا ڕەنگ دەداتەوە، لەبەر ئەوە بەکاردێت وەك ئاماژەیەکی بەهێز بۆ جیاکردنەوەی کەسەکان و دیاریکردنی باوان.

## ◈ گوێی گەورە:

ڕەنگە گوێ گەورە و دەرپەڕیو بێت بۆ دەرەوە و ناڕێك بێت لەگەڵ ڕوخساردا، لەم حاڵەتەدا ئاماژەیە بۆ بۆ سروشتێکی ئاژەڵی و کەمی زیرەکی، بەگشتی ئەو کەسەی ئەم جۆرە گوێیانەی هەیە گێر و قیرسچمە و پابەندە بە بۆچونەکەیەوە ئەگەر هەڵەش بێت.

بەڵام گوێی گەورەی نادیار و دەرنەپەڕیو بۆ دەرەوە، ئەوەی کە شێوازێکی جوانی هەیە و لاری و خواری و چرچی کەمە



Scanned by CamScanner

ئاماژەیە بەسیفاتەکانی بەخشندەیی و ڕێز و پاکێتی و لێبوردەیی.



گوێی گەورەی دیار



گوێی گەورەی نادیار

## ◈ گوێی بچوك:

بەلاّم گوێی بچوکی دەرنەپەڕیو و (جوان کەوانەیی) ئاماژەیە بۆ زەوق ناسکی و ڕەوشت، بەگشتی ئەو کەسەی ئەم جۆرە گوێیەی هەیە هەست ناسکە و ڕۆمانسیە.



گوێی بچوك



گوێی قوت و نارێك

## ◈ گوێی قوت و نارێك:

بەلاّم گوێی بۆ دەرەوە قوت و نارێك بەگشتی ئاماژەیە بۆ ڕەوشت ناشیرینی و توندوتیژی و شەڕەنگێزی..لەبەر ئەوە ئەم جۆرە گوێیە لەناو تاوانبار و لادەرەکاندا زۆر بەدی دەکرێت.



Scanned by CamScanner

## ◈ چرچ و لۆچیەکانی ڕوخسار و ئاماژەکانیان:

دەرکەوتنی چرچ و لۆچیەکانی ڕوخسار و جەستەی مرۆڤ پەیوەستە بەچونە ناو تەمەنەوە، توێژەرانیش دەڵێن کە دیسان پەیوەستە بە زیادەڕۆیکردنیش لە چونە بەر تیشکی خۆر.

بەپێی شوێنی دەرکەوتنی چرچەکان و شێوازەکانیان ڕەفتار و مۆرکی تایبەت دیاری دەکرێت لەبارەی سروشت و ڕەفتار و سیفاتی کەسەکانەوە کە تاڕادەیەکی زۆر ڕاستە..وەکو ئەم شێوازانەی خوارەوە:

## ◈ چرچەکانی گۆشەی دەرەوەی چاو کەبۆ سەرەوە لار بوونەتەوە:

بەگشتی ئەم چرچانە ئاماژەن بۆ سروشتێکی قۆشمەچی و ئارەزوی نوکتەبازی و سوعبەت، بەگشتی کەسانێك کە ئەم جۆرە چرچانە لەڕوخساریاندا





Scanned by CamScanner

هەیە ڕوخۆشن و لەگەڵ خەڵکیدا باش مامەڵەدەکەن، لەبەر ئەوە ئەم کەسانە پەیوەندیگەلێکی کۆمەڵایەتی سەرکەوتوو بەدەست دێنن.

## ◈ چرچەکانی گۆشەی دەرەوەی چاو کە بۆ خوارەوە لاربوونەتەوە:

ئەم چرچانە ئاماژەن بۆ سیفاتەکانی خەمۆکی و پەژارەیی..خاوەن ئەم جۆرە ڕوخسارانە ئارەزوی دڵتەنگی و ڕەشبینی دەکەن...بەلام



ئەگەر هەردوو چاوەکەش بەو شێوەیە لاربووبوونەوە بۆ خوارەوە ئەوا ئاماژەیە بۆ فێڵ و تەڵەکەبازی.

## ◈ چرچی نێوان برۆکان:

ئەو چرچە ستونیانەن کە لەتەوێڵدا لەسەروو لوت و نێوان برۆکانەوە دەردەکەون، ئەم چرچانە ئاماژەن بەوەی کە خاوەنەکانیان





Scanned by CamScanner

ئارەزوی بیرکردنەوەی قوڵ و گەڕان بەدوای وردەکاریی کاروبارەکاندا دەکەن، وەك چۆن خاوەن کەسایەتیەکی شکۆمەند و بەڕێز و باشن.

### چرچە ئاسۆییەکانی ژێرچاو:



بەڵام ئەو چرچانەی کە لەشێوەی هێڵی ئاسۆییدا لەژێر چاوەکاندا دەردەکەون ئاماژەن بۆ حەزکردن بە خوێندنەوە و زۆرزانین و لەبەرکردن.

### چرچە گەیەنەرەکانی لوت بە گۆشەکانی دەم:



ئاماژەیە بە بەدبەختی و بێ هیوایی و توشبوون بەدەردیسەریەکان، بەڵام دیسان ئاماژەشە بۆ ئەوەی کە خاوەنەکەی خەباتکارێکی بەهێزە بەرامبەر ئەو تەنگوچەڵەمانەی دێتەڕێی.



Scanned by CamScanner

## ◈ تەوێڵ ( نێوچاوان ):

شێوازی تەوێڵ و نێوچاوان چی دەڵێن لەبارەی خاوەنەکەیەوە؟

### ◈ ناوچاوانی لارەوەبوو بۆ دواوە:



ئەم جۆرە نێوچاوە ئاماژەیە بە دەبەنگی و کەم عەقڵی بەبەڵگە ئەوەی کە ئەم جۆرە لەناو مەیمون و هەندێك لە ئاژەڵاندا دەبینرێت، وەك چۆن خاوەنەکەی بەشێوازێکی گشتی جیادەکرێتەوە بە زۆربلێی و زیادەڕۆیی لەقسەکردندا و حەزکردن بە تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵکانی تر و دواندنیان.

### ◈ تەوێڵی ڕێك:



ئەم جۆرە تەوێڵەش ئاماژەیە بە بەهرەداری لە ماتماتیك و زانستی دەرهێناندا، لەبەر ئەوە ڕەنگە

خاوەنەکەی ئەندازیارێکی لێهاتوو بێت.

### ◈ تەوێڵی خڕ:



ئـەو نێوچـاوانەیە کـە لەسـەر شـێوازێکی بازنـەیی دەردەکـەوێت لەبری ئەوەی کە لەلاتەنیشتەکانەوە دیاربێـت، ...ئـەم جـۆرە ناوچـاوە ئاماژەیـە بـە لاوازی و کـەم ورەیـی و بیرکردنەوەی ڕوتەختی(سطحي).

وە نێوچـاوانی پـان و بازنـەیی کـە لەسـەروو دووچـاوی بەقولاّچووەوە درێژدەبێتەوە ئاماژەیە بە سروشتێکی پشکنەر و ڕەخنەگر.

### ◈ نێوچاوانی تەسك:



بـەلاّم نێوچـاوانی تەسـك و ڕەویـەوە ئاماژەیـە بـە تەسـکی بیرکردنـەوە و کـەمی زیرەکـی، بـەلاّم گـەر نێواچـاوانەکە تەسـك بـوو بـەلاّم بـەرز و بـالاّ بـوو ئـەوا بەگـشتی خاوەنەکـەی جیادەکرێتـەوە بـە بـوونی بەهرەیـەکی بـاش بـەلاّم لەیـەك ئاڕاسـتەوە دەڕوات و گەشەدەکات.



Scanned by CamScanner

**تەوێڵی دەرپەڕیو بۆ پێشەوە لەسەروو چاوەکانەوە:**

بـــەڵام نێوچـــاوانی دیاری دەرپەڕیو لەسەروو چاوەکانەوە ئاماژەیە بە بەهرەی مۆسیقی.



**ڕوخسار...**

**شێوازی ڕوخسار و ئاماژە و دەربڕینەکانی:**

پاش ئەوەی لەبارەی ئاماژەی ئەندامە جۆربەجۆرەکانی ڕوخسارەوە دواین وەك لوت و لێوەکان و چەناگە، با پێکەوە ئاماژە و دەربڕینەکانی خودی ڕوخساریش بەشێوازێکی گشتی بناسین.

**شێوازی ڕوخساری ئەو کەسانەی بەکارە عەقڵیەکانەوە سەرقاڵن یان بەکارە دەستیەکانەوە:**

ڕوخسار دابە دەبێت بۆ سێ بەش، (تەوێڵ)، (چاو و لوت)، (دەم ولێو و چەناگە).



Scanned by CamScanner

شارەزایانی زانستی ڕووخوێندنەوە تێبینیان کردووە کە شێوازی ڕوخسار لای دەستەی فێرخوازان یان ئەوانەی کاری عەقڵی دەکەن وەك ( ئەندازیار و پزیشك و پارێزەران) جیاوازە لەشێوازی ڕوخساری ئەو کەسانەی کاری دەستی دەکەن وەك کرێکار و پیشەوەران.

شێوازی ڕوخساری دەستەی فێرخوازان و ئەوانەی کاری هزری دەکەن بەگشتی هەرسێ بەشەکەی پێشووی تیادا یەکسانە.

بەلاّم شێوازی ڕوخساری دەستەی پیشەوەران و کارە دەستیەکان جیادەکرێتەوە بە دابڕینی ناوچەی تەوێڵ (یان ناوچەی مێشك) وە زیادەی ڕوبەری ناوچەی دەم و چەناگە، وە



شێوازی ڕوخساری پیشەوەر و کرێکاران



شێوازی ڕوخساری فێرخوازان

بەگشتیش لوت کورت دەبێت لای فێرخوازان...ئەوەش لە دوو وێنەکەی خوارەوەدا ڕوندەبێتەوە..



Scanned by CamScanner

سەرنجی ڕۆیشتن و دابڕینی بەشی تەوێڵ بدە لەلای ڕوبەڕی ڕوخسارەوە لای دەستەی کرێکار و پیشەوەران، وە زیادەی بەشی دەم و چەناگە، و ڕۆیشتن و پوکانەوەی قەبارەی لوت لەچاو دەستەی فێرخوازاندا..کە ئەگەر سەرنج بدەیت هەرسێ بەشەکە یەکسانن بەشی تەوێڵ و بەشی چاوەکان و لوت، وە بەشی دەم و چەناگە.



## ❖ ڕوخساری لەڕی درێژکۆلە:

ئەو کەسانەی ئەم جۆرە دەموچاوەیان هەیە بەوە جیادەکرێنەوە کە سروشتێکی چالاکیان هەیە جا چالاکی هزریی بێت یان جەستەیی.

## ❖ ڕوخساری شێوە هێلکەیی:



خاوەنی ئەم جۆرە ڕوخسارە بەوە جیادەکرێتەوە هێزی هزری و چالاکی هەیە، لەبەر ئەوە زۆرینەیان لە تێکۆشەر و خاوەن کار و کۆششە جۆراوجۆرەکانن، وەك چۆن ئەو کاکیلە(شەویلگە) پتەوە گەورەیەی ئەم جۆرە ڕوخسارە جیادەکاتەوە لەلایەکی ترەوە دەربڕی ڕۆحی بەرەوپێش چوون و کۆڵنەدانە.



Scanned by CamScanner

### ◈ ڕوخساری شێوە چوارگۆشە:



تێبینی کراوە کە خاوەنانی ئەم جۆرە دەموچـــاوە ئـــارەزوی شـــەڕەنگێزی و توندوتیژی و گیرێتی دەکەن، زۆربەی جار گفتوگۆ و لێك تێگەیشتن لەگەڵیاندا کەڵکی نیــە لەبــەر ئــەوە ئــارەزوی هێرشــکردن و توندوتیـژی دەکـەن لـەپێناوی بـەدیهێنانی مەبەستە کەسیەکانیاندا.

بـەڵام ڕوخـساری کـورتی شـێوە چوارگۆشــە ئاماژەیــە بـۆ دەبـەنگی و دواکـەوتنی عـەقڵی، هـەروەها ئـەو کەسـانەی ئـەم جۆرە دەموچاوەیان هەیە بە خوێن ساردی و هـەروەها ساردی لە سۆزدا جیادەکرێنەوە.

### ◈ ڕوخساری خڕ:



ئەو ڕوخسارەیە کە خڕێتیەکی دیار و ڕونـی لەسـەرو خوارەوە هەیـە، زیـاتر لەشێوازی ڕوخساری منداڵ دەچێت.

بەگـــشتی خاوەنەکـــەی بـــە سروشـتێکی منداڵانــە و سـاویلکەیی جیادەکرێتەوە.



Scanned by CamScanner

## ◈ ڕوخساری خڕی هێلکەیی:

ئـەم جـۆرە ڕوخـسارە شـێوەی خـڕ و هێلکـەیی تێـدا کۆدەبێتەوە، نیوەی سەرەوەی پانە و خوارەوەشـی بـەجۆرێك لـەجۆرەکان تەنگ و باریکە.



خاوەنانی ئەم جۆرە ڕوخسارە بە خێـرا تیگەیـشتن جیادەکرێنـەوە و بەجۆرێك بیرۆکەکان ڕێك دەخەن کە بە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە کۆتایی بێت..لەبەر ئەوە لە فەرمانگە و بەڕێوەبردنی کار و کاروبارە بازرگانیەکاندا خۆیان دەبیننەوە.

## ◈ ڕوخساری مەیمونی:



ئـەم ڕوخـسارە بـە تـەوێڵێکی بـۆ پێشەوە لار و دوو کاکیلە یان با بڵێین شەویلگەی پان و دوو چاوی بچوك و بەقولاّچوو جیادەکرێتـەوە، بەگـشتی ئەو کەسانەی ئەم جۆرە ڕوخسارەیان هەیـە بـەفێڵ و تەڵەکـە و ناپـاکی دەردەکەون و جێی باوەڕ و متمانە نین و پێویستە بە وریایی و سڵکردنەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.



Scanned by CamScanner

## چی دەخوێنیتەوە لەم ڕوخسارە بەناوبانگانەدا؟

◈ **هیتلەر:**



سەرنجی ئەو ڕووبەرە سپێنەیەی ژێر ڕەشێنەی چاوەکانی بدە، ئەمە نیشانە و دیمەنێکی جیاکەرەوەی ڕوخساری هتلەرە کە لە زانستی ڕوخوێندنەوەدا ئاماژەیە بۆ کەوتنە ژێرباری فشارگەلێکی توند یان کێشەگەلێك کە گران چارەسەر دەکرێت..هەروەها ئامارژەشە بۆ ئارەزوی سەرشێتی!

◈ **ونستۆن چەرچڵ (تشرشل):**



ڕوخساری چەرچڵ جیادەکرێتەوە بە شەویلگە و کاکیلەیەکی پان و بەهێز کە ئامارژەیە بۆ پلان و ڕۆحی سەرکردایەتی لەبەر ئەوە ئەم جۆرە کاکیلەیە بە شەویلگەی سەرکردە ناسراوە ( admiral s jaw ).



Scanned by CamScanner

◈ **جۆزیف ستالین:**



ڕوخساری ستالین جیادەکرێتەوە بە چەناگەیەکی دیاری شێوە ئاوساو و دەرپەڕیو، ئەم چەناگەیەش بە نیشانەیەك دادەنرێت لەسەر خۆبوگیرانی توند و هێزی ورە و بڕیار و کۆڵنەدان.

◈ **ولیام شکسپیر:**



کاتێك ڕوخسارێك ڕوبەرێکی گەورە و پانی لەسەروو چاوەکانەوە هەبێت و بەڵام لە دامێنی لوتەوە ڕوبەرێکی تەسك و باریك بێت ئەوە ئاماژەیە بۆ بەرزی چالاکی هزری و چالاکی عەقڵیی تایبەتی، ولیام شکسپیریش نمونەیەك بوو لەم شێوەیە.

◈ **پاشا هنری هەشتەم:**



پادشا هنری هەشتەم دوو چاوی نەرم و هەڕەشە ئامێزی هەبوو...نمونەی ئەم جۆرە نیشانەیە پێویستە سڵی لێ بکرێتەوە و بە پێداگریەکی توندەوە مامەڵە لەگەڵ خاوەنەکەیدا بکرێت.



Scanned by CamScanner

# چۆن ناخی خەڵکی دەخوێنیتەوە بەهۆی ڕۆیشتن و هەستان و دانیشتنیانەوە؟



*____________________*

### ◈ شێوازی ڕۆیشتن:

**شێوازە جۆربەجۆرەکانی ڕۆیشتن چی دەڵێن لەبارەی خاوەنەکانیانەوە؟**

هەرکام لەئێمە ڕۆیشتنێکی تایبەتی هەیە کە لای هاوڕێکانی ناساندویەتی، وە هەر ڕۆیشتنێك پەیوەستە بە هەیکەلی جەستە و شێوازی دروستبوونیەوە، بەلاّم دیسان پەیوەستیشە بە هەست و هەڵچونە جۆر بەجۆرەکان و ئەوەی لەناو هزر و دەروندا دەخولێتەوە بەجۆرێك کاریگەریەکی ڕون و ئاشکرا دەکاتە سەر خێرایی ڕۆیشتن و درێژی و کورتی هەنگاوەکان و باری جەستە لەو کاتەدا.

با ئەمە بە نمونەیەك ڕون بکەینەوە:

کاتێك منداڵێك دڵخۆشە و لەبەزمایە دەبینین بەدوو قاچە بچکەڵەکەی لەسەر زەوی دەجولێت بەلاّم کاتێك خەمبار و دڵشکاو بێت دەبینین بەشێوازێکی تر دەجولێت و بەری



Scanned by CamScanner

دەســـتەکانی دەخاتـــە ســـەر زەوی و گێلـــەگێل بەقاچـــە نوشتاوەکانی لەسەر ئەژنۆ هەنگاو دەنیٚ و گاگۆڵکیٚ دەکات.

ئێستاش وەرە تـابزانین شێوازە جۆربەجۆرەکانی ڕۆیـشتن چی دەڵێن لەبارەی خاوەنەکانیانەوە؟

- ڕۆیـشتن بـەخێرایی و ڕاوەشـاندنی هـەردوو بـاڵ بـە توندی...ئەوە نیشانەی کەسێکە کە دەڕوات بەرەو ئامـانجێکی دیاریکراو.

- ڕۆیـشتن لەگـەڵ دەسـت خـستنە نـاو گیرفانەکانـەوە (تەنانـەت لـە کـەش و هـەوای گەرمیـشدا) نیـشانەی کەسێکە ئارەزوی پەنهانی و ڕەخنەگرتن لەوانی تر دەکات.

- ئەو کەسەی کە هەنگاوی هێواش دەنێت و دەستەکانی لـەدواوە دانـاوە سـەیری بـەردەمی خـۆی دەکـات بریتیـە لـە مرۆڤێکـی بیرئـاڵۆز و سـەرقاڵ دەگـەڕێت بەدوای چارەسـەری کێشەکانیدا. (وێنـەی ژمارە١)



( 1 )

- ئـەو کەسـەی کـە دەڕوات و خـۆی بەپـــشتا خـــستووە و چـــەناگەی بەرزکردۆتـەوە و تاڕادەیـەک زیـادەڕۆیی دەکات لە ڕاوەشاندنی باڵەکانیدا بریتیە لە



Scanned by CamScanner



(2)

کەسێك متمانەی بەخۆی هەیە و شانازی بە بوونیەوە دەکات. ( وێنەی ژمارە ٢ ).

- ئەو کەسەی کە دەڕوات و هەردوو دەستی خستوەتە لا تەنیشتەکانی ( نەك کەلەکەی) بریتیە لە کەسێك دەیەوێت گوزەری کورت ترین مەودا لە خێراترین کاتدا بکات بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی..نمونەی ئەم جۆرە کەسە بەگشتی توانایەکی سنورداری هەیە و بەگەرمی دەست بە ڕەوتەکەی دەکات و پاشان خۆی دەدات بەدەستی پشودانەوە ( وێنەی ژمارە ٣ ) ، ئەم جۆرە ڕۆیشتنە لە سیفەتەکانی ونستۆن چەرچڵ بووە.



(٣)



Scanned by CamScanner

¤ چۆن گەورەكان دەستەكانیان دادەنێن لەكاتی ڕۆیشتندا؟

ئەگەر شێوازی ڕۆیشتنی فەرمانڕەوا تشارلز مان بیستبێت زۆربەی جار ئارەزوی دانانی دەستەكانی لەپشتیەوە كردووە لەكاتی ڕۆیشتندا لەگەڵ گرتنی دەستێكیان بەدەستەكەی تری، هەر بەم شێوازەش زۆرینەی ئەندامانی خێزانی شاهانە دەڕۆن بەڕێدا، سەرنج بدە هەمان شێوازی ئەو ڕۆیشتنەیە كە زۆربەی جار مولازمێك( ضابط) دەیگرێتە بەر لەكاتی تێكچونی ڕیزی سەربازەكانی، یاخود بەڕێوەبەری قوتابخانە دەیگرێتە بەر كاتی گوزەر كردنی بەناو قوتابییەكانیدا.

ئەم جۆرە جیاوازەی ڕۆیشتن ئاماژە بە سام و هەیبەت و فەرمانڕەوایی و دەست ڕۆیشتن و هێز و دەسەلات دەكات..وەك چۆن هەندێك توێژەر و لێكۆڵەر پێیان وایە كە ئەو جۆرە ڕۆیشتنە جەستەی كەسەكە بەڕونی بۆ ئەو كەسانە دەردەخات كە دەیبینن وەك ناوچەكانی دڵ و سنگ و سك، ئەم جۆرە بەشێوەیەكی نائاگا ئاماژە بە سیفەتی بوێری و ئازایەتی و لەپێش بوون دەكات، كە كەسەكە خۆی پێ دەڕازێنێتەوە..وەك لەوێنەكەی خوارەوەدا دیارە.



Scanned by CamScanner

وە لەمیانەی ئەزمونەکانەوە دەرکەوتووە کە گرتنەبەری ئەم شێوازە لەکاتی بوونی فشارێکی دەرونیدا وەك کاتی قسەکردن لەگــەڵ ڕۆژنامەنوســێکدا یــان کــاتی چــاوەڕوانی لــەدەرەوەی لیژنــەی تاقیکردنــەوەدا دڵــەڕاوکێ و نیگــەرانی تــاك کەم دەکاتەوە و وای لێدەکات زیاتر خۆگر و متمانەی بەخۆی هەبێت.



پێویستە تێبینی ئەوەش بکرێت کە ئەم بــارەی پێشوو لــە مانــا و ئاماژەیــدا بەتــەواوی جیاوازە لەو بارە هاوشێوەیەی کە تاك تیایــدا یــەکێك لەباڵــەکانی بەدەســتێکیانی دەگرێــت ( وەك وێنەکەی خوارەوە).



ئــەم شــێوازە ئامــاژە بــە ســام و هــەیبــەت و متمانــە بــەخۆبوون ناکــات، بــەڵکو ئامــاژە بــە تێکشکان دەکات، تێبینی دەکرێت ئەو تاکەی ئــەم شــێوازە دەگرێتەبــەر بــە گــشتی ئــارەزوو دەکات باڵەکەی تــری بەتونــدی بگرێــت، تویــژەران ئــەم بــارە وا ڕاڤــە دەکــەن بەشێوازێکی نائاگا ئاماژەیــە بــۆ ئــارەزوی زاڵبــون بەســـەر دەرون و خـــودی خۆیـــدا بەرامبـــەر ئـــەو کێـــشە و تێکشکانانەی ڕووبەڕوی دەبێتەوە.



Scanned by CamScanner

## ◈ شێوازی دانیشتن:

هەر جۆرە دانیشتنێک مانا و ئاماژەیەکی تایبەتی خۆی هەیە..چۆن دەیخوێنیتەوە؟

- ⌑ دانیشتن بە شێوازی قاچ خستنە سەر قاچ..چی دەگەیەنێت؟

شێوازی دانیشتنی ئاسایی بەدانانی قاچەکان لەسەر زەوی وێنای بارێکی ئەرێنی یان کراوە دەدات بەدەستەوە، واتە دەرفەت گونجاوە بۆ پەیوەندی و قسەکردن لەگەڵ کەسی دانیشتوو . بەڵام دانیشتن بەشێوازی قاچ خستنە سەر قاچ وێنەی دۆخێکی نەرێنی و بارێکی داخراو دەگەیەنێت، بەڵام پێویست ناکات ئەم مانایە بگشتێنین بۆ گشت بارێک، چونکە هەندێک جار ئەم شێوازە هیچ ناگەیەنێت ئارەزوی هەستکردن بە پشویەکی زیاتر نەبێت..گرنگە لێرەدا سەرنجی شێوازی دانیشتنەکە بدەین لەگەڵ ئەو نیشانانەی تر کە یاوەری دەکەن تاکو بڕیارێکی دروست بدەین لەسەری.

لێرەشدا دوو باری سەرەکی هەیە لەم جۆرە دانیشتنەدا، ئەوانیش:

- ⌑ شێوازە کۆن و باوەکە:

ئەمە بە بارێکی کۆن و شێوازێکی باوی دانیشتنی قاچ لەسەر قاچ دادەنرێت، بەجۆرێک یەکێک لە قاچەکان



Scanned by CamScanner

بەرزدەکرێتەوە، کە بەزۆری قاچی ڕاستە، و دەخرێتە سەر قاچەکەی تر، بە کەمێك لە خۆپاریزی و زیادەڕۆیی نەکردنەوە، ئەم بارەش لەناو ئەوروپیەکاندا بلاوە وەك ئینگلیزەکان.



نمونەی ئەم جۆرە دانیشتنە لە زۆربەی جارەکاندا ناتوانین بە نەرێنی و ناپەسەند بڕیار بدەین لەسەری مەگەر نیشانەگەلی تر یاوەری بێت کە ئاماژە بەوە بکات، وەکو ئالاندنی دەست و باڵەکان بەرەو سنگ..ئەم بارەی کۆتایی بەڕادەیەکی گەورە ئاماژەیە بۆ ڕێگری و دۆخێکی نەرێنی وەکو ئەو ژنەی کە بەم جۆرە دانیشتنە بە مێردەکەی ڕادەگەیەنێت لەبارەی ڕازی نەبوون و شکاندنی ئەوەی کە دەیڵێت..وەك وێنەکەی بەرامبەر.

¤ دانیشتن بەشێوازی ئەمریکی:



لەم شێوازەدا قاچێك لەسەر ئەوی تر دادەنرێت بەڵام بەشێوازێکی زۆر زیادەڕۆ بەجۆرێك هەردوو قاچەکە وێنەی ژمارە ٤ ی ئینگلیزی دەکێشن، لەبەر ئەوە ئەم بارە ناو دەبرێت بە (4 log lock position) وەك وێنەکەی خوارەوە.



Scanned by CamScanner

بەڵام دانیشتن بەم جۆرە چی دەگەیەنێت؟

ئاماژەیە بۆ ئەو ئارەزوی بەربەرەکانی خوازیەی کە لەناو ئەمەریکیەکاندا بڵاوە هەروەها لە حەزکردنیادا بۆ بەدەستهێنانی هێز و دەسەڵات.

وە کاتێک ئەم شێوە دانیشتنە یاوەربێت لەگەڵ دانانی دەستەکاندا لەسەر قاچەکە (وەك وێنەکەی بەرامبەر) ئەوا ئاماژەیە بۆ قایل نەبوونێکی توند..ئەو کەسەی بەم شێوازە دادەنیشێت کەسێکی گیری قیرسچمەیە!



## لوتبەرزان چۆن دادەنیشن؟

¤ دانیشتن لەگەڵ دەست خستە پشتە سەرەوە!

لەم شێوازە زۆر جیاوازەی دانیشتندا کەسی دانیشتوو قاچێکی دەخاتە سەر ئەوی تریان و ئینجا دەستەکانی دەخاتە پشتە سەریەوە (وەك وێنەکەی بەرامبەر).



Scanned by CamScanner



پێشتر باسی مانای دانیشتن بەشێوازی قاچ خستنە سەر قاچمان کرد..بەڵام دانیشتن بەشێوازی بەرزکردنەوەی قاچێك بۆسەر دەسکی کورسیەکە چی دەگەیەنێت؟!

ئەم جۆرە لە زۆرینەی کاتەکاندا لە گوێنەدان بەوانی تر و بایەخ پێنەدانیان و ڕێك نەکەوتن لەگەڵ هەست و بیرۆکەکانیانەوە سەرچاوە دەگرێت...

ئەو کەسەی کە بەم جۆرە دانیشتنە ڕاهاتوە و خوی پێوەگرتووە لەبەردەم خەڵکیدا ئەوە کەسێکی ڕقاوی و شەڕەنگێز و بێزارکەر و سکاڵاچیە و حەزی لە گەرمبوونە لەگەڵ خەڵکی، لەبەر ئەوە پێویستە بە سڵکردنەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

¤ شێوازی نازین بە هێز و دەسەڵاتەوە:

بەڵام دانیشتن لەگەڵ بەرزکردنەوەی هەردوو قاچ بۆ سەر مێز و تەپڵەك و هەرشتێکی لەو جۆرانە ئاماژەیە بۆ نازین و شانازی کردن بە هێز و دەسەڵاتەوە..لەبەر ئەوە هەندێك لە خاوەن کارەکان (سەرکارەکان) حەزیان لە گرتنەبەری ئەم شێوازە هەیە لەکاتی دانیشتندا ( وەك وێنەکەی خوارەوە).



Scanned by CamScanner

گرتنەبەری دوو شێوازەکەی پێشوو (قاچ خستنەر سەر دەسکی کورسی یان دانانی پێکان لەسەر مێز) لە شێوازە نەخوازراو و ناشیرینەکانە لەکاتی قسەکردندا بۆ خەڵکی، مرۆڤ



بەم جۆرە هەڵوێستێکی دوژمنکاری و دەسەڵات سالاری بەوانی تر ڕادەگەیەنێت کە چاك و چۆنی لەگەڵ ناکرێت.



شێوازێکی تریش هەیە لەشێوازەکانی نازین بە هەبوونی شتێکدا وەك ئەم پیاوەی قاچی لکاندوە بە ئۆتۆمبێلە نوێیەکەیەوە، نوساندنی جەستەی پیاوەکە بە تەنی ئۆتۆمبێلەکەوە بارێکە بەوانی تر دەڵێت: ئەوە ئۆتۆمبێلەکەمە..من شانازی دەکەم کە خاوەنی ئەمەم! ( وەك وێنەکەی بەرامبەر).



Scanned by CamScanner

¤ **شێوازی چونه پێش بۆ کارێك:**



دانیشتنی کەسێك لەسەر کورسی لەگەڵ لارکردنەوەی جەستەیدا بۆ پێشەوە چی دەگەیەنێت..وەك ئەو پیاوەی کە لەوێنەکەی بەرامبەردا بەشێوازی ڕوون دانیشتووە؟

ئەم جۆرە دانیشتنە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم پیاوە دەچێت بۆ کردنی شتێك؟

لەیەکێك لە کۆمپانیاکانی بیمەدا چاودێری شێوازی دانیشتنی کرێکاران کرا کاتی گفتوگۆ لەگەڵ کارمەندەکاندا..وە تێبینیکرا کە ئەو کەسانەی شێوازی دەست گرتن بە چەناگەیانەوە دەگرنە بەر( شێوازی بڕیاردان) پاشان شێوازەکەی پێشوو ئەوە بەزۆری بڕیاری بەشداری کردن دەدەن لە بیمەکاندا..بەڵام ئەو کەسانەی شێوەی دەست گرتن بەچانەگەیانەوە دەگرنە بەر و دواتر باری ئاڵاندنی دەستەکان بەیەکدا لەسەر سنگ ئەوا زۆربەی جار ئەوانەن کە بەشداریکردن لەبیمەکاندا پەرچ دەدەنەوە.



لەگەڵ شێوازەکەی پێشودا شێوەیەکی دیکەش هەیە ئەویش لاربونەوە بۆ پێشەوە لەسەر کورسی لەگەڵ دانانی هەردوو دەست لەسەر ئەژنۆکان ( وەك



Scanned by CamScanner

وێنەکەی بەرامبەر)...ئەم بارە زۆربەی جار واتای حەزکردن بە کۆتاییهێنان و کۆتاییهاتن بە قسە یان ڕۆیشتن بۆ کردنی شتێکی تر دەگەیەنێت.

### وەستان و دانیشتنی دوو کەس بە هەمان شێواز چی دەگەیەنێت؟!

ئایا پێش ئەوەی بچیتە ناو کۆمەڵێك خەڵکیەوە کە لەنێوان خۆیاندا قسەوباس دەکەن تێبینی ئەو لێکچونە گەورەیەت نەکردووە لەباری جەستە و شێوازی ڕاوەستانی دووان لە گفتوگۆکاراندا؟

ئەوە واتای ڕێك کەوتن و گونجان دەگەیەنێت لە نێوانیاندا..کاتێك یەکێك لە لایەنەکانی گفتوگۆکە بارێکی لێکچوو دەگرێتەبەر لەهی لایەنەکەی تر وەك ئەوە وایە بەو شێوەیە پێی بڵێت: " بەردەوام بە لەقسەکردن..من هاوڕام لەگەڵتدا..".



سەرنجی وێنەکەی بەرامبەر بدە..تیایدا دوو کەس دەردەکەوێت کە لە شوێنێکدا بەدەم خواردنەوەوە قسە و باس دەگۆڕنەوە..لەیەکەم ساتدا تێبینی دەکەیت کە ئەو دوو کەسە گونجاون لەگەڵ یەکتری و

ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی کە یەکیان دەیڵێت بەوی تریان، ئەوەش باری جەستەی هەردوکیانە کە بەڕادەیەکی گەورە ئاماژە بە لێکچونی لەگەڵ ئەوی تریاندا دەدات.

ئەم وێنە لێکچوو و شێوە کۆپیانە زۆر جار لەکاتی گفتوگۆی هاوڕێیان و هاوسەران و هاوڕێیانی کاردا بەدی دەکەین، ئەوانەی کە هۆگری و پەیوەندیەکی بەهێز کۆیان دەکاتەوە پشت دەبەستێت بە گونجانی هزری و میزاجی نێوانیان.

هەروەها لەنێو نەناسیاوانیشدا بەدی دەکرێت یان ئەو کەسانەی کە تازە یەکتریان ناسیوە یەکیان ئارەزوو دەکات هەمان باری جەستەی ئەو کەسەی تر بگرێتە بەر کە قسەی لەگەڵ دەکات کاتێك بۆی دەردەکەوێت کە قسەکانی لەگەڵ ئەم وەك یەکە و لای ئەمیش گرنگە.

وێنەکەی خوارەوە جەخت لەم مانایە دەکاتەوە..وا





Scanned by CamScanner

دەرەکەوێت بەڕێوەبەری کارەکە گفتوگۆ لەگەڵ سەرکارەکەدا بکات سەبارەت بە زیادکردنی موچە..کاتێك کە ئەم بابەتە گونجاوە لەگەڵ ئارەزو و حەزی سەرکارەکەدا ئەوا دەست دەکات بە گرتنەبەری هەمان ئەو باری دانیشتنەی کە بەڕێوەبەرەکە گرتویەتیە بەر.

## ◈ شێوازی ڕاوەستان:

کاتێك عەقڵ شتێك دەڵێ و جەستەش شتێکی دیکە!

باری جەستە لەکاتی گفتوگۆی نێوان دوو کەسدا مانا و ئاماژەگەلی تایبەتی خۆی هەیە..با ڕونی بکەینەوە.

وای دانێ تۆ قسە لەگەڵ کەسێکدا دەکەیت ئەم کەسە قسە و باست لەگەڵ دەگۆڕێتەوە و هەستدەکەیت وەڵامت دەداتەوە..ئەوەش کە ئاماژە بەمە دەدات نیشانە ئەرێنیەکانی ڕوخساریەتی و ڕوی لەتۆیە و چاوی لەچاوتە، بەڵکو ڕەنگە ئەم وەڵامدانەوە و بەدەمەوە چونە دەربکەوێت بە زەردەخەنەیەکی ناسك لەسەر لێوەکانی، بەڵام بیهێنە بەرچاوت ئەگەر باری جەستەی بە تەواوی ڕوبەڕوی تۆ نەبوو ( وەك وێنەکەی خوارێ)، ئەمە چی دەگەیەنێت؟



Scanned by CamScanner



ئەو کەسەی قسەی بۆ دەکەیت بەتەواوی ڕاستگۆ نیە لە وەڵامدانەوە و بەتەنگەوەهاتنتدا وە دەرخستنی گوێگرتنی لەقسەکانت بەڵکو دەیەوێت کۆتایی بەم قسەو باسە بێنێت و دۆخەکە بگۆڕێت.ڕاستە ئەو بە ڕوو ڕووبەڕوی تۆیە بەڵام جەستەی لە ئاڕاستەیەکی تردایە واتا کە عەقڵی بیر لە شتێکی دیکە دەکاتەوە جیاواز لەوەی بۆتۆی دەردەخات ئەوەش خۆ دەربازکردنە لەم دۆخە.

لەم حاڵەتەدا دوو هەڵبژاردنت لەبەردەمە ئەوانیش، یان قسەکە کۆتایی پێ بێنیت بەلێهاتویی و سەلیقەوە، یان هەوڵبدەیت سەرنجی ڕابکێشیت بەهۆی قسەکانتەوە هەتا بەتەواوی بەجەستەشی ڕوت تێبکات.

**خەڵکی چۆن لە قسە گشتیەکاندا دەوەستن؟**

لەوێنەکەی خوارەوەدا دوو کەس هەن قسە بۆ یەکتری دەکەن هیچ کامیان بەتەواوی ڕووبەڕوی ئەوی دیکەیان نەوەستاوە بەڵکو بەلاوە وەستاوە..وە هەرکامیان ڕوی لە خاڵێکی وەهمی و خەیاڵیە بەجۆرێك لەگەڵ ئەو خاڵە خەیاڵیەدا سێگۆشەیەك دروستدەکەن.



Scanned by CamScanner

به به کارهێنانی ڕوکەشناسیت دەبێت جۆری ئەو قسە و باسە چی بێت کە دەیگۆڕنەوە..ئایا قسەی تایبەتە(کەسێتی) یاخود گشتی؟



بوونی جەستەی دوو قسەکەر بەم بارە بەزۆری واتا ئەوەی کە باسی لێوە دەکرێت لەنێوانیاندا قسەیەکە پەیوەستە بە کاروبارگەلێکی کۆمەڵایەتی گشتیەوە لەکاتێکدا دورە لەوەی کە قسەیەکی کەسێتی گشتی بێت، ئەوەش کەدروستی ئەم بیرۆکەیە دەسەلمێنێت ئەوەیە ئەو خاڵە خەیاڵیەی کەوێنای سەری سێیەم دەکات وا دەرەکەوێت هەروەك ئەوەی بانگ بکرێت تاکو کەسێکی تر بێتە ناو گفتوگۆکەیانەوە بەهەمان بار.

خەڵکی لە قسە کەسێتی و تایبەتەکاندا چۆن ڕادەوەستن؟

بەڵام کاتێك دوو لایەنەکە قسەیەکی کەسی و تایبەت دەگۆڕنەوە نایانەوێت کەس بەشداریان بکات ئەوا بەگشتی ڕووبەڕوی یەك ڕادەوەستن



Scanned by CamScanner



لەگـەڵ کەمکردنـەوەی مـاوەی نێوانیـان بـەجۆرێك کـەس نـەتوانێت بێتـە نێوانیانـەوە و خـۆی بخاتـە نێـو قسەکەیانەوە..وەك وێنەکەی خوارەوە.

ئاگـاداری ئـەم بـارە بـە...



پێت دەڵێت:

نامـەوێت گوێـت لێبگـرم..تـۆ بێزارکەریت!

ئایـا هـەرگیز توشـی ئـەو حاڵەتـە نـەبوویت قـسەت بـۆ کەسێك کردبێت و هەستت کردبێت دەستی لەگیرفانی ناوە و سەیری خوارەوەی کردووە..یان لەدواوە قۆڵەکانی دەئاڵێنێت



Scanned by CamScanner

بەیەکدا و یەکێك لە لاقەکانی کەمێك دەنوشتێنێتەوە بەشێوەی کۆڵەکە(پوان) لەسەر ئەوی تریان.. وەك وێنەکەی خوارەوە.

ئــەم شــێوازانە ئاماژەیــە بــۆ گرتنەبــەری دۆخێکــی نــەرێنی(هەڵوێــستێکی نــەرێنی)...... چــەمانەوە و چــەقاندنی قاچــەکان بــەو شــێوازەی نــاو وێنەکــە ئاماژەیــە بــۆ گــیری و پەرچدانەوە و بەرهەڵستی..هــەروەها دەستخستنە ناو گیرفان ئاماژەیە بۆ نەبوونی گوڕوتینی بەشداری کردن. وە ڕوانین بۆ خــوارەوە لــەکاتی گوێگرتنــدا ئاماژەیــە بــۆ بێــزاری بەتایبــەت ئەگــەر پــشتەمل خورانــدنی لەگــەڵ دابــوو( وەك وێنەکــەی پێشوو).

وەك تێبــینی دەکــەیت لــە وێنەکــەی پێــشودا بــەکارهێنانی پەنجــەی شایەتومان(دۆشـاو مـژە) لـەکاتی قسەکرندا لەلایــەن قسەکەرەوە ئاماژەیــە بۆ ســەرکردایەتی و دەسەلاَت..واتــە ئــەو دەیەوێت دەستبگرێت بەسەر جڵەوی گفتوگۆکەدا.

کاتێــك ڕوبــەڕوی دۆخێکــی ئاوهــا دەبیتــەوە پێویــستە هەوڵبــدەیت ســەرنجی گــوێگر بەقــسەکەت ڕابکێــشیت تــاکو بارێکی ئەرێنی کراوە وەربگرێت و ڕێت پێبدات بۆئەوەی زیاتر لــە قــسەکەتدا ڕەوان بیــت..ئەگــەرنا پێویــستە لەقــسەکردن ڕاوەستیت!!



Scanned by CamScanner

ئەم شێوازە دەڵێت:

شەڕێك هەیە خەریکە ڕوبدات:

جوان لە وێنەکەی خوارێ ڕامێنە..تیایدا دوو کەس دەبینیت کە ڕوبەڕوی یەك ڕاوەستاون بەڵام بەگۆشەیەکی کەم سوڕاونەتەوە..سەرنجی دەستەکانی هەر کامیان بدە لەسەر بەشی ناوەڕاستی جەستەیان..وە سەرنجی درێژبونەوەی بەشی خوارەوەیان بدە.



ئەم شکڵە چ ئاماژەیەکت لا دروست دەکات؟

ئەم شکڵە ئەگەری ڕودانی شەڕ یاخود جنێو و قسەبەیەك ووتنت دەخاتە خەیاڵ لەنێوان هەردوو لادا.

ڕەنگە قسە و باسی نێوانیان شتێکی ئاسایی بێت بەڵام ناکرێت پێشبینی بوونی بارێك لەهێمنی و پشو بکەین لەنێوانیاندا مەگەر دەستەکان شێوازێکی کراوە بگرنە بەر.

بەڵام بوونی دوو کەس ڕوبەڕوی یەك بەتەواوی و بەهەمان ئەو شێوازە ئەوە ئاماژەیە بۆ ئەگەری ڕودانی شەڕێکی شێوە دڵنیا.



Scanned by CamScanner

ئەم شێوازەش دەڵێت:

من ناترسم...من نێرم(مەردم)!

سەیری شێوازی وەستانی وێنەکەی خوارێ بکە...ئایا شتێکت بیردێنێتەوە؟



ئەوە شێوازێکی جیاوازی ڕاوەستانە بەزۆری لە فیلمەکانی (شوانی گاکاندا) دەیبینین، ئەم وەستانە چی دەڵێت؟..گرتنەبەری ئەم شێوازە لەکاتی وەستاندا ئەوەی کە جیادەکرێتەوە بە چەقاندنی دوو پەنجە گەورەکەی دەست بەژێر پشتوێندا یان لایەکی گیرفانی شەڕواڵ و پانتۆڵەکەدا لەگەڵ چەمانەوەی باڵەکان بۆ دەرەوە بەوانی تر دەڵێت: من ئازام..من لەکەس ناترسم!

بەڵام کاتێک هەمان ئەم شێوازە دەگرێتە بەر لەهەمبەر ئافرەتێکدا ئەوا ڕایدەگەیەنێت کە هێزی جەستەیی و نێرێتی هەیە..وەك ئەوەی کە بڵێت: من دەتوانم وات لێبکەم دڵدارم بیت..من پیاوێکی سادە نیم.



Scanned by CamScanner



# شێوازەکانی تەوقەکردن
## هەر شێوازێکی تەوقەکردن شتانێکی جیاواز دەڵێت!

*___________________________*

شێوازەکانی تەوقەکردن چۆن گەشەی سەند؟

مرۆڤ هەر لەسەردەمی بەردین و ئەشکەوتەکانەوە ڕاهاتووە لەسەر سڵاوکردن و چاك و چۆنی لەخزم و نزیکان و هاوڕێ و دراوسێکان. مرۆڤی ئەشکەوت تەوقەی لەگەڵ هاوڕێکەی دەکرد بە بەرزکردنەوەی باڵی لە هەوادا لەگەڵ کردنەوەی لەپی دەستدا بەتەواوی، مەبەست لەمەش ئەوەبوو خاڵی بوونی دەستی دەربخات لەهەر جۆرە چەکێك.

وە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا ڕێگاکانی تەوقەکردن پێشکەوتنی بەخۆوە بینی لەهەواوە بۆ ڕێگای دانانی دەست لەسەر شوێنی دڵ بۆ دەربڕینی سۆز و خۆشەویستی، وە ئەم جۆرەش گەشەی سەند بە تێپەڕینی بەناوچەند جۆرێکی تردا هەتا گەیشتە ئەم شێوازە باوەی ئێستا لەزۆربەی وڵات و دەوڵەتانی جیهاندا کە پشت دەبەستێت بە دەست خستنە ناو دەست و ڕاوەشاندنیان چەند جارێك نزیکەی پێنج تا حەوت ڕاتەکان، بەڵام سەرەڕای پشتبەستنی زۆرینەی خەڵکی بەم



Scanned by CamScanner

ڕێگا نەگۆڕەی تەوقەکردن کەچی شێوازی دەست خستنە ناودەستەکە لەدوو توێیدا چەندین دەربڕین و ئاماژەی جیاواز هەڵدەگرێت.

⇐ تەوقەی دەسەڵاتداران..

تەوقەکردن لەگەڵ ئاڕاستەکردنی لەپی دەست بۆ خوارەوە:

کاتێك تەوقە لەگەڵ کەسێك دەکەیت و بەری دەستی دەخاتە سەر بەری دەستت، واتە دەستی ئەو لەسەرەوە بێت ( وەك وێنەکەی خوارەوە – دەستی لای چەپی وێنەکە) ئەوە لە ناواخنەکەیدا(



دوتوێیدا) ئەم پەیامەی هەڵگرتووە " من سەرکردەی دۆخەکەم..من بەهێزترم".

⇐ تەوقەی خۆبەدەستەوەدەران:



تەوقەکردن لەگەڵ ئاڕاستەی بەری دەست بۆ سەرەوە: بەڵام گریمان



Scanned by CamScanner

پێچەوانەی ئەوەی پێشوو ڕویدا، واتە بەری دەستی کەسێك لەکاتی تەوقەکردندا ڕووی لەسەرەوە بوو ( وەك وێنەکەی خوارەوە - دەستی لای چەپی وێنەکە) ئەوە لە ناواخنەکەیدا پەیامێکی جیاوازی هەڵگرتووە..ئەم شێوازی تەوقەکردنە دەڵێت:" من زاڵێتی بۆتۆ جێدەهێڵم..ڕێت پێدەدەم تۆ گەورەی دۆخەکە بیت".

## ⇐ تەوقەی پیاوە یەکسانەکان:

تەوقەکردن لەگەڵ دانانی لەپی دەست وەك یەك: چی ڕودەدات کاتێك دوو کەسی یەکسان لەهێز و دەسەلأت و بەخۆنازیندا تەوقەدەکەن و کەسیان نایانەوێت سەرکردایەتی دۆخەکە جێ بهێڵن بۆ ئەوی تریان، ئەوەی کە لەم حاڵەتەدا ڕودەدات ئەوەیە کە هەر کامیان لەسەرەتادا دەیەوێت دەستی خۆی لەسەرەوە بێت و تاوای لێدەکەن هەردوو بەری دەستەکە وەك یەکیان لێدێت (وەك وێنەکەی خوارەوە).



ئاڕاستەی هەردوو لەپی دەستی دوو کەسی تەوقەکار وەك یەك و بەم شێوازە هاوسەنگە پەیامێك هەڵدەگرێت کە لە ڕێزگرتن و هاوتابونەوە



Scanned by CamScanner

سەرچاوە دەگرێت لەنێوان هەردوو لادا..ئەمە ئەو جۆرە شیاوەیە لەناو جۆرەکانی تەوقەکردندا کە دەکرێت ناوی بنێین تەوقەی پیاوان.

⇐ تەوقەکردن بەشێوازی پیاوانی پۆلیس!

مەبەست لەم شێوازە گرتنی دەستی لایەنی بەرامبەرە بە هەردوو دەست..وەك ڕون و ئاشکرایە ئەم شێوازە مەبەست لێی دەربڕینی سڵاوی گەرم و سۆزی دڵسۆزانەیە بەرامبەر کەسەکەی تر.بەڵام ناکرێت دەستپێشخەری بکرێت بەم شێوازە لەگەڵ کەسێك کە بۆیەکەم جار دەیبینیت، چونکە لەم حاڵەتەدا گومان دەخەیتە دڵیەوە..ئەم شێوازی تەوقەکردنەش ناودەبرێت بە تەوقەی پیاوانی پۆلیس چونکە وادەرەکەوێت هەروەك ئەوەی تەوقەکەر دەیەوێت



کەسی بەرامبەر دەستگیربکات!. وەك وێنەکەی خوارەوە.



Scanned by CamScanner

⇐ **تەوقەی کەسایەتی لاوازان:**

⇐ **تەوقەی ماسیە مردوو:**

لەم شێوازەی تەوقەکردندا تەوقەکەر بەساردی و شێوە ڕاڕایی دەست درێژدەکات کە لە فیز و خۆبەگەورە زانینەوە سەرچاوە ناگرێت بەڵکو لەشەرم و لاوازیی کەسایەتیەوە سەرچاوە دەگرێت..ئەم جۆرەی تەوقەکردن گەرم و گوڕی و بەخۆنازینی تێدا نیە(کەمە) لەبەر ئەوە بە ( تەوقەی ماسیە مردوو ) ناو دەبرێت.. وەك وێنەکەی خوارەوە.



جێگەی سەرنجە کە زۆرینەی ئەوانەی بەم جۆرە تەوقە دەکەن نازانن و هەست بەوە ناکەن کە بەشێوازێکی ساردوسڕ و ناحەز تەوقە لەگەڵ خەڵکی دەکەن و قایلیان ناکات، ئەگەر پێت وابوو تۆ یەکێکی لەو جۆرە کەسانە ئەوا داوا لەیەکێك لە هاوڕێیانت بکە ڕەخنەت لێبگرێت لەشێوەی تەوقەکردنەکەت.



Scanned by CamScanner

⇐ **تەوقەی بەدخو!**

لەم جۆرەی تەوقەکردندا کەسی تەوقەکەر دەستی کەسی بەرامبەر دەگرێت و بەهێزێکی زۆر پەنجەکانی دەگوشێت بەتایبەت بەشی خوارەوەی، پەنجەی دۆشاو مژە دەردەپەڕێت و ڕەنگە ببێتە هۆی ئازار..وەك وێنەکەی بەرامبەر.



ئەم جۆرە لەخۆشەویستیەوە سەردەرناهێنێت بەڵکو لە سیفاتی توندوتیژی و بەدخویی تەوقەکەرەوە سەرچاوە دەگرێت وە ڕەنگە حەزکردن بێت لە ئازاردانی کەسی بەرامبەر.

⇐ **تەوقەی وەفاداران...تەوقەکردن بەڕاتەکاندنی دەستەکان:**



لەم شێوازەی تەوقەکردندا تەوقەکەر دەستپێشخەری دەکات لە گرتنی دەستی کەسەکەی تر و ڕاوەشاندنی..ئەمەش ڕێگایەکە لە وەفاداری و خۆشەویستی پاکەوە سەرچاوە دەگرێت..هەمان شێواز



Scanned by CamScanner

ئەگەر تەوقەكار بەدەستەكەی تری قۆڵی كەسی بەرامبەری گرت ئەوا هەمان مانا دەدات..وەك وێنەكەی بەرامبەر.

⇐ **تەوقەی متمانە بەخود لاوازەكان..**

⇐ **تەوقەكردن بە سەری پەنجەكان:**



بیهێنە بەرچاوت كە تۆ تەوقە لەگەڵ كەسێكدا دەكەیت لەبری بەری دەستی سەری پەنجەكانی دەگریت..ئەوە مانای چیە؟ دوو گریمانە هەیە، یان تۆ هەڵەت كردووە لە گرتنی دەستیدا بەرێكوپێكی یاخود ئەو بە ئەنقەست سەری پەنجەكانی هێناوەتە پێش لەبری بەری دەستی.

لە حاڵەتی دووەمدا دوو مانا هەیە: یان ئەوەیە تەوقەكەر بەو شێوازە دەیەوێت خۆبەگەورە زانی دەربخات ( یان شەرم سەبارەت بە ئافرەتان).. یاخود مەبەستی ئەوە نیە، بەڵكو بەم شێوازە تەوقەت لەگەڵ دەكات نەك لەبەر شتێك لەناخیدا بەڵكو لەبەر نەبونی متمانە بەخودی خۆی..كە ئەمەش ئەگەرە زۆر باوەكەیە.



Scanned by CamScanner

⇐ پرسیار: کێ دەست دەکات بە تەوقەکردن؟

تەوقەکردن کردارێکە بەشێوازێکی خۆڕەس لەنێوان خزم و کەس و هاوڕێیاندا ڕوودەدات..بەلاّم کاتێک کەسێک لەگەڵ یەکێکی تردا بۆجاری یەکەمە یەکتری دەبینن ڕەنگە ئەم پرسیارە بێت بەمێشکدا: کێ لەپێشدا دەست بۆ تەوقەکردن دەبات ؟

تەوقەکردن دەربڕینی سلاّو و بەخێرهاتن و خۆشەویستیە بەلاّم پێش ئەوەی دەستپێشخەری بکەیت بۆ تەوقەکردن لەگەڵ کەسێك بۆ یەکەمین جارە دەیبینیت پێویستە ئەم پرسیارە لەخۆت بکەیت: ئایا من جێگەی چاك و چۆنیم؟ ئایا ئەم کەسە خۆشحاڵە بەبینینم؟ ئەگەر هەستت بەم مانایانە کرد ئەوا دەست ببە بۆ تەوقەکردن.

هەندێك لەفرۆشیار و هاوارکەرەکانی شتومەك فرۆش دەست بۆ تەوقەکردن دەبەن لەگەڵ کڕیارەکانیاندا پێش ئەوەی شتومەکەکانیان نیشان بدەن، بەلاّم لەڕاستیدا زۆرینەی کڕیارەکان ئەم جۆرە تەوقەکردنەیان پێ خۆش نیە چونکە هەست دەکەن کە مەبەست لەم تەوقەیە بەخێرهاتن و چاك و خۆشی نیە بەڵکو تەنها هاندان و قایلکردنیانە بۆ کڕین یان کردنی شتێك کە نایانەوێت بیکەن. لەبەر ئەوە هەندێك لە دەزگا و کۆمپانیاکان بە هاوارچیەکانیان دەڵێن لەکاتی



Scanned by CamScanner

فرۆشتندا تەوقە نەکەن لەگەڵ کڕیار و موشتەریەکاندا مەگەر بۆخۆیان دەست بێنن بۆ تەوقەکردن.



Scanned by CamScanner

# بارەکانی دەست و ماناکانیان..

*______________________*



چۆن ڕاستگۆ لە درۆزن جیا دەکەیتەوە؟

لە میانەی مامەڵە و هەڵسوکەوتی خەڵکی لەگەڵ یەکتردا هەندێك جار دەست یان بەتایبەتی بەر و پشتی دەست چەند بارێکی دیاریکراوی بۆ مەبەست وەردەگرێت کە بەگشتی لە عەقڵی نائاگاوە (نەستەوە) سەرچاوە دەگرێت، ئەم بارانەش چەندین مانا و ئاماژەی تایبەت دەدەن پێمان.

لەم نمونە سادەیە ڕامێنە: کاتێك منداڵێك درۆ لەگەڵ دایکی دەکات یان دەیەوێت هەڵەیەکی پەردەپۆش بکات بەشێوازێکی گشتی دەستی لەپشتیەوە دەشارێتەوە وەك ئەوەی بە شێوازێکی نائاگا بیەوێت ڕاستیەکە بشارێتەوە تاکو سزا وەرنەگرێت.

با ئێستاش گرنگترین بارەکانی دەست و ئاماژەکانیان بخەینە ڕوو:



¤ دەستی کراوە بەڕوی ئاسماندا:

ئەوە بەڵگەیە لەسەر ووتەی ڕاستی و ئەمانەت، هەندێك جاریش ئاماژەیە بۆ



Scanned by CamScanner

داواکردنی شتێك یان سواڵ و دەرۆزەکردن، جا کاتێك کەسێك دەیەوێت باسی ڕاستی بکات و ڕاستی بدرکێنێت بەگشتی دەستی دەکاتەوە بەرەو سەر و شتێك لەم بابەتە دەڵێت: با بە ڕون و ڕەوانی قسان بکەین".

¤ دەستی کراوە بەڕوی زەویدا:

ئاماژەیە بۆ حەزکردن بە شاردنەوەی شتێك یان پەردەپۆشکردنی هەروەها ئاماژەش بۆ سەرداری و دەسەڵات دەکات.



¤ دەستی قونجاو و ئاماژە کردن بە پەنجەی دۆشاومژە(شایەتومان):

ئەمە خراپترین بارەکانی دەستە لەکاتی قسە کردندا ( هەڵبەت جگە لە کاتی تەحیاتی ناو نوێژ )، ئەم جۆرە مانای هەڕەشە و گوڕەشە دەگەیەنێت بۆ کەسی بەرامبەر.





Scanned by CamScanner

⇐ ئەم نمونەیە بۆ تۆ:

با ئێستا لەم نمونەیەدا کاریگەریی سێ بارەکەی پێشووی دەست لەسەر کەسەکەی تر لەکاتی قسەکردندا ڕون بکەینەوە.

وای دانێین سنودقێکی بەردین هەیە دەتەوێت بیگوازیتەوە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بە چاوساغیی کەسێك، دیسان با وای دانێین تۆ داوا لەو دەکەیت هەستێ بەو کارە، بە بەکارهێنانی هەمان وشەکان و دەربڕینەکانی ڕوخسار، بەڵام لەگەڵ بەکارهێنانی دەست بە چەند جۆرێکی جیاواز وەك ئەوانەی پێشوو.

کاتێك دەستی کراوە بۆ ڕووی ئاسمان بەکاردێنیت وای دەخەیتە خەیاڵی کەسەکەوە کە ئەمە تەنها داوایەکی ئاساییە و هیچ هەستێك ناکات بە فشار و زۆرلێکردن و هەڕەشە، بەڵام کاتێك دەستی کراوە بەڕووی زەویدا بەکاردێنیت بەم جۆرە وای تێدەگەیەنێت ئەو لە جێی نۆکەرەوە و تۆش لەجێی دەسەڵاتدار و هەست بە جۆرێك لە بێزاری دەرونی دەکات.

بەڵام کاتێك دەستی قونجاو لەگەڵ ئاماژەکردن بە پەنجەی شایەتومان بەکاردێنیت ئەم بارە بەشێوەیەکی ڕون و ئاشکرا ئاماژە بۆ فەرمانی تێکەڵ بەزۆرکاری و دەسەڵات سالاری دەکات وا دەکات کەسی بەرامبەر دەکات هەستکردن بە سوکی



Scanned by CamScanner

و هەڕەشە بێتە ناودڵیەوە و پاڵی پێوە بنێت بۆ دەستهەڵگرتن و بێزاربوون لە هەستان بەکارەکە.

¤ کردنی دەستەکان بەناو یەکدا ...چی دەگەیەنێت؟

نیرنبرج و کالیرو کۆمەڵێك توێژینەوەیان ئەنجامداوە و بۆیان دەرکەوتووە کە کردنی دەستەکان بەناو یەکدا ئاماژەیە بۆ تێکشکان هەروەك ئەوەی کەسەکە بیەوێت بەم جۆرە هەستە نەرێنیەکانی بشارێتەوە لەژێر دەستە بەیەکداچووەکانیدا.

سێ باری سەرەکیش هەیە بۆ کردنی دەستەکان بەناو یەکدا، ئەوانیش: بەیەکداکردنی دەستەکان بەرەو ڕوی دەموچاو ( وێنەی ١) ، وە بەیەکداکردنی دەستەکان بەجۆری دانانی لەسەر مێزێکدا یان هەرشتێکی تر ( وێنەی ٢)، وە بەیەکداکردنی دەستەکان لەدامێنی سکەوە لە حاڵی ڕاوەستاندا ( وێنەی ٣).



(١) (٢) (3)

¤ پەنجە گەورە(ئەسپێ كوژە)...شتانێكی زۆر دەڵێت:

لە زانستی پەنجەكاندا، پەنجە گەورە لەكۆی پەنجەكانی تر بە گەورەیی و سەرداریی جیادەكرێتەوە، وە بەگشتی بارەكانی ئەم پەنجەیە ئاماژە و ماناگەلی ئەرێنی دەدەن بەدەستەوە بەڵام ڕەنگە هەندێك جاریش شتانێكی نەرێنی بگەیەنێت.

⇐ ئەم نمونەیە وەربگرە:

سەرنجی هۆڵی دادگایی بدە زۆرێك لە پارێزەران لایەكی چاكەتەكیان بەدەست دەگرن و پەنجەگەورەیان دەكەنەوە و بەڕاوەستاوی دەیكەنەوە لەسەر ئەو لایەی چاكەتەكەی دادەنێن ( وەك وێنەكەی خوارێ).



دەبێت ئەم بارە چی بگەیەنێت؟

بەم جۆرە بە لیژنەی دادگایی دەڵێت كە ئەو پارێزەرەی لەبەردەمیانە لەباری سەركردایەتیدایە و شتانێكی گرنگی لایە كە بەڵگەكەی پێ دەسەپێنێت، بەتایبەت ئەگەر ئەم بارە بەرزكردنەوەی سەر بۆسەرەوە و ڕوانین بە ئاڕاستەی لوت یاوەری بوو..ئەم نیشانانە دیسان جەخت لە گرنگایەتی پارێزەرەكە و سەرەوكاریی بۆ دۆخەكە دەكاتەوە.



Scanned by CamScanner

ڕەنگە تۆش تێبینت کردبێت کە زۆرێك لە خەڵکە لوتبەرز و



بەخۆنازەکان حەزیان بەوە هەبێت دەست بخەنە ناوگیرفانەکانیان و بە تەنها پەنجە گەورەیان بێننە دەرەوە..وەك وێنەکەی بەرامبەر.

ئەم بارە ئاماژەی دەسەڵاتداری و بەخۆنازین دەخاتە بیری ئەوانی تر.

وە هەندێك جار پەنجە گەورە ئاماژە بۆ زۆر شتی نەرێنی دەکات..وەك ئەم پیاوەی کە سەری لار دەکاتەوە بەئاڕاستەی هاوڕێکانی و پەنجەکانی دەستێکی دەقونجێنێت و بە پەنجە گەورەشی ئاماژە بۆ خێزانەکەی لەدەرەوە دەکات و دەڵێت:" هەمویان وەك یەکن"





ئەو بەم ئاماژە کردنە دەیەوێت خێزانەکەی بە خراپێتی و دەمەوەری وەسف بکات!..وەك وێنەکەی بەرامبەر.

بارێکی تریش هەیە بۆ پەنجە گەورە کە ئاماژە بۆ شتانێکی نەرێنی دەکات..وەك ئەو بارەی کە هەندێك جار دەبینین کەسێك



Scanned by CamScanner

دادەنیشێت و پەنجەکانی دەکات بە بن باڵیدا بەشێوەی پوازی و تەنها پەنجە گەورەکانی لەدەرەوە دەهێڵێتەوە..وەك وێنەکەی بەرامبەر.

ئەم بارەش بە خاوەنەکەی دەڵێت:" من مرۆڤێکی نەرێنیم..داخراوم...نامەوێت لەگەڵ کەس قسان بکەم..لێم دورکەونەوە!".

## ¤ هەموو شتێك تەواوە(OK):

یەکێك لەو ئاماژە باوانەی کە پەنجە گەورە و پەنجەی شایەتومان(دۆشاومژە) کۆدەکاتەوە ئەو ئاماژەیە کە دەڵێت: " هەموو شتێك تەواوە یان ( Okey – ok ) ...وەك وێنەکەی خوارەوە.



دەڵێن ئەم ئاماژەیە ڕۆژنامەنوسەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا لەسەدەی هەژدەدا دایان هێناوە وەك جۆرێك لە کورتبڕی.

چەندین ڕاڤەی جیاوازیش هەیە بۆ ووشەی (ok ) یەکێ لەوانەش ئەوەیە کورتکراوەیە بۆ دەستەواژەی: ( all correct یان all korrecy واتە هەموی تەواوە).



Scanned by CamScanner

وەك چۆن پەنجە گەورەی بۆ سەرەوە جیاکراوە لەگەڵ قونجاندنی کۆی پەنجەکانی تردا بەکاردێت بۆ دەربڕینی هەمان مانای پێشوو....وەك وێنەکەی خوارەوە.



ئەم ئاماژەکردنەی پێشوو یەکێکە لە ئامارژە باوەکان لە بەریتانیا و ئوستراليا و نیوزلەندا کە مانای تەواکردنی شتێك وەك خۆی دەگەیەنێت، بەلاّم لە ولاّتانی تری وەك یۆناندا واتای جۆرێك لە جنێو و قسە پێووتن دەگەیەنێت بەتایبەت لەگەڵ پاڵنانی پەنجە گەورەکە بۆ سەرەوە بەهێزە و ڕاتەکاندنی لە هەوادا.

¤ ئاماژەکەی ونستۆن تشرشل ( چەرچڵ):

لە بەریتانیادا ونستۆن چەرچڵ ڕاهاتبوو لەسەر ئاماژەکردنێك بە هەردوو پەنجەی شایەتومان و پەنجەی ناوەڕاستی لەسەر شێوەی پیتی (V ) ئینگلیزی یان ژمارە ( ٧ )..بۆ ئاماژەکردن بەو سەرکەوتنەی بەدەستی هێنا لە جەنگی جیهانی دووەمدا...وەك وێنەکەی خوارەوە.





Scanned by CamScanner

بەڵام لەڕاستیدا هەمان ئەم ئاماژەکردنە لە دەوڵەتانی تردا جگە لە بەریتانیا و نیوزلەندا و بەریتانیا مانایەکی ناپەسەند و شێوە جنێو دەگەیەنێت.



Scanned by CamScanner



# چۆن بیرکردنەوەی خەڵکی دەزانیت بەسەرنجدانی بارەکانی دەستیان لەسەر دەموچاو؟

## ◈ هونەری زمانە بێدەنگەکە!

دەتوانیت هەندێك جار بزانیت چی لەمێشكی ئەوانی تردا دەخولێتەوە بێ ئەوەی قسەشیان لەگەڵ بکەیت ئەوەش بە سەرنجدانی شێوازی دانانی دەستەکانیان لەسەر ڕوخساریان لەکاتی بیرکردنەوە یان دانیشتن و بیرڕۆیشتندا..دە وەرە با پێکەوە نهێنیەکانی ئەم زمانە بێدەنگە بزانین.

## ⌘ دانانی دەست لەسەر دەم بەڵگەی درۆکردنە!

کاتێك بۆ جاری دواتر گوێ بۆ پیاوێك دەگریت قسەت بۆ دەکات و دەستی خستوەتە سەردەمی لەگەڵ سوڕاندنی پەنجە گەورەی بە ئاڕاستەی ڕومەت ( وەك وێنەکەی خوارەوە) ئەوا بزانە کە ئەوەی ئەم پیاوە پێتی دەڵێت زۆربەی جار درۆیە و هەڵبەستراوە!



شاردنەوەی دەم بە پەنجەکان لەکاتی قسەکردندا وا دەکات مێشك بەشێوازێکی نائاگا کاربکات بۆ شاردنەوەی ڕاستیەکان و بڵاوکردنەوەی درۆ...ئەمە هەندێك لە زانایانی دەرونی وا دەڵێن.



Scanned by CamScanner

تێبینیش کراوە زۆرێك لە تاوانباران کاتێك وەڵام دەدەنەوە لــە کــاتی لێکۆڵینــەوەدا بــۆ قــسەکردن ئــەم بــارە جیــاوازە بەکاردێنن ئەوەش مانای درۆکردنیان دەگەیەنێت.

بــەڵام ئــەو کەســەی دەســتی لەســەر دەمــی دادەنێــت وەك شێوەکەی پێشو ( لـەکاتی گوێگرتنـدا ) لـە کەسێکی تـر ئـەم شێوازە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە گوێگر باوەڕ بە ڕاستێتی ئەوەی پێی دەوترێت ناکات و قسەبۆکەرەکەی پیاوێکی درۆزنە!

¤ پەنجەدان لە دەم...بەڵگەیەکی ترە لەسەر چونە ناو درۆوە!

بەڵام کاتێك قسەکەر دەستی لەسەر دەمی دادەنێت لەگەڵ دانـی پەنجـەی شـایەتومان لەسـەری لـوت و خورانـدنی ( وەك وێنەکەی خوارەوە) ئەوە ئاماژەیە بۆ چونە ناو درۆوە یان ئەوەتا کەسی قــسەکەر دەیــەوێت لەقــسەکانیدا درۆبکات.



هەنـدێك لـە زانایـانی دەرونـیش ئەو بارە بەوە ڕاقە دەکەن کە واتای دزەکردنی بیرۆکە گەلێکی نەرێنی ( وەك درۆ و فێڵ و ناپاکی) دەگەیەنێت بۆ ناو مێشك ئینجا عەقڵی نا ئاگا هەوڵدەدات دەم



Scanned by CamScanner

داپپۆشێت بۆ داپۆشینی ئەم بیرۆکە نەرێنیانە بەڵام پەنجەی دۆشاومژە لە کۆتا ساتدا بۆ سەرەوە دەردەپەڕێت بۆ ئەوەی یارمەتی ناڕونبێژی و پێچ و پەنا لێدانی کەسەکە لەقسەکانیدا بدات نەك درۆ کردن.

⌑ دەربڕینی درۆ...

⇐ لای منداڵ و گەنج و پیاو:

چۆن جوڵەکانی دەست و هێماکانی دەموچاو ڕێکدەکەون و دەگونجێن لەگەڵ گێڕانەوەی درۆکاندا؟!

با ئەوە بزانین..

جوڵە و هێما و ئاماژەکردنەکان و ئەو بارانەی کە پێی هەڵدەستین لەکاتی مامەڵە و هەڵسوکەوتەکانی ڕۆژانەماندا کاریگەر دەبێت بەئاستی تەمەنمان بەڵکو پەرەش دەسێنێت لەگەڵ چون بەساڵدا تاکو وێنەگەلێکی کەمتر ڕون بەدەست دێنێت بەبەراورد لەگەڵ وێنەکانی تافی لاوی و سەرەتای تەمەندا...ڕەنگە بتوانیت بزانیت منداڵێك چی مەبەستە بە ئاماژە یاخود بارێکی تایبەتی بەڵام گرانە یان لات قورس دەبێت هەمان مانا تێ بگەیت کاتێك بە هێمایەك یاخود جوڵەیەکی دیاریکراو لەلایەن پیاوێکی بەساڵاچووەوە وەری دەگریت.



Scanned by CamScanner

با نمونەیەك لەسەر ئەوە وەربگرین:



حاڵەتی درۆکردن: کاتێك منداڵێکی پێنج ساڵان درۆیەك دەگێڕێتەوە تێبینی دەکەین زۆربەی جار بەخێرایی پاش دەرچونی درۆکە لە دەمی دەستەکانی دەخاتە سەر دەمی ( وەك وێنەکەی بەرامبەر).



بەڵام کاتێك هەرزەکارێك یان گەنجێك درۆیەك دەگێڕێتەوە ئەو هێما و جوڵەیەی پێشوو پەرەدەسێنێت تاکو شێوەیەکی تر وەربگرێت بەجۆرێك هەرزەکارەکە پەنجەکانی دادەنێت لەسەر گۆشەی دەمی ( وەك وێنەکەی بەرامبەر).

بەڵام کاتێك پیاوێك درۆیەك باس دەکات ئەو هێمایەی پێشوو پەرە دەسێنێت تاکو شێوەیەکی دیکە وەربگرێت بەجۆرێك دەگۆڕێت بۆ خوراندنی سەری لوتی بە پەنجەی شایەتومانی (وەك وێنەی خوارەوە).



- خوراندنی گوێ بە پەنجە

هێمایەکە پێت دەڵێت:

" نامەوێ گوێت لێ بگرم"!



Scanned by CamScanner

بیهێنە بەرچاوت منداڵێك لەبەردەمتدایە و دایکی هەڕەشە و سەرزەنشتی دەکات، تێبینی بکە منداڵەکە لەم وێنە خەیاڵیەدا دەست دەبات بۆ خوراندنی گوێی بەپەنجەی ( وەك وێنەکەی خوارەوە ) هەروەك ئەوەی پێی بڵێت" بەسیەتی دایە..نامەوێت زیاتر سەرزەنشتم بکەیت".



" ئەم بارە جیاوازەی ناو بارەکانی زمانی بێدەنگ" دەمێنێتەوە و لەگەڵمان دێت تا گەورەبونیش، زۆربە جار بەکاری دێنین لەو کاتانەی ڕوبەڕوی قسەیەکی ناپەسەند یاخود سەرزەنشتێك کە نامانەوێت بیبیستین دەبینەوە!

¤ ئامارژەی گومان...خوراندنی لا مل بە پەنجە!

کاتێك بۆ جارێکی تر بۆ کەسێك دەدوێیت دەبینیت لاملی لەخوارگوێیەوە ڕاستەوخۆ بە پەنجە دەخورێنێت بەو دەستەی پێی دەنوسێت ( وەك وێنەکەی خوارەوە) ئەوە بزانە ئەم کەسە





Scanned by CamScanner

گومانی له قسەکانت هەیە یان متمانەی بەو شتە نیە کە دواتر دەیکات.

ئەوەش سەیرە هەندێك لێکۆڵەر بۆیان دەرکەوتوە ژمارەی جارەکانی خوراندنی لامل بەپەنجە وەك شێوەکەی پێشو بەزۆری دەچێتە پێنج جار دەگمەنە لەو ژمارەیە تێپەڕ بکات.

¤ ئەم پیاوە درۆزنە.. ئەمەش بەڵگەکەیە.. ڕاکێشانی ملیوانەی کراسەکەی!

هەندێك لێکۆڵەر باسی ئەوەدەکەن کە دەربڕینی درۆ لای



هەندێك کەس هەست کردن بە لێدان و مێرولەکردن و لەبەشی لامل و خواروی روخساردا دەوروژێنێ، لەبەر ئەوە مرۆڤی درۆزن حەز بە ڕاکێشانی ملیوانەی کراسەکەی دەکات بۆ دەرەوە( وەك وێنەکەی بەرامبەر) بەجۆرێك ئەوە هەستکردن جۆرێك لە ئارامی لەلا دروست دەکات.



Scanned by CamScanner

## ¤ مـــژینی پەنجـــەکان لای گـــەورەکان چـــی دەگەیەنێت؟!

هەندێك لەزانایانی دەرونی دەڵێن پەنجەخستنە دەم یان مژینی پەنجە ئاماژەیە بۆ نەبونی ئارامی دەرونـی یان ڕوبەڕوبونـەوەی فشارێکی دەرونی، جا لەگەڵ گرتنەبەری ئەم بارەدا کەسی ڕاڕا و نیگـەران هەسـت بـە ئـارامی دەکـات چـونکە بـەم هۆیـەوە بەشـێوازێکی نائاگـا دەگەڕێتـەوە بـۆ تـافی منـداڵی کاتێـك کـە ئاسـودە و ئـارام بـوو لەسـەر سـنگی دایکیـدا لـەکاتی شیرخواردندا.



بـەزۆری پەنجـەی گـــەورەش پەنجـــە مژراوەکەیـە لـەقۆناغی پێگـەین و گەورەبوونـدا و ئـــەم پەنجەیـــە بەشـێوازێکی گـشتی و بـــەدیاری کـــراوی ئاماژەیـــە بـــۆ مەمکـە مژراوەکـــەی دایـــك لەقۆناغی منداڵیدا.



Scanned by CamScanner

⟸ دەربڕینی بێزاری..

" بەڕاستی بێزاربووم لەقسەکانت "!

کاتێک بۆ کەسێک دەدوێیت و تێبینی دەکەیت دەستی کردوە بە ڕاوەستاندنی سەری بەهۆی دەستیەوە ( وەک وێنەکەی خوارەوە) ئەوا بەهۆی ئەم بارەوە بزانە کەهەستی بە پەستی و بێزاری کردوە سەبارەت بەقسەکانت.. ئەم بارە واتا ئەو هەوڵدەدات سەری ڕابگرێت هەتا دوور بکەوێتەوە لە پەسەند کردنی ئەو خەوەی کە لەهەستیەوە هەڵقولاوە بەهۆی یەک جۆری قسەکان و خاڵی بوونی لەوەی کەلای ئەم گرنگە و زیت و وریای دەکاتەوە!



وە دەتوانیت ڕادە و پلەی ئەو بێزاریە بزانیت کە هەستی پێدەکات بەسەرنجدانی پلەی پاڵدانەوەی سەری بەسەر دەستیەوە، پاڵدانەوە و خستنەسەری تەواو ئاشکرا ئاماژەیە بۆ هەستکردنی بە بێزاریەکی توند.



Scanned by CamScanner

وە پلەی بێزاریەکە دەگاتە ئەوپەڕی کاتێك گوێگر دەست دەکات بە گرتنەبەری بارێکی تر بەجۆرێك سەری دەخاتە سەر مێزەکەی بەردەمی و ڕەنگە دەست بە پرخەش بکات!

## ¤ بیرمەندان چۆن دەستەکانیان دادەنێن؟

ڕەنگە تێبینیت کردبێت لەکاتی ئامادەبوونت لە هەندێك لە کۆبونەوە و کۆڕەکاندا یان لەکاتی سەرنجدانی وێنە فۆتۆییەکانی هەندێك لە نوسەر و بیرمەنداندا کە هەندێکیان بارێکی جیاوازیان گرتوەتە بەر وەك ئەوەی سەری دەخاتە سەر دەستە قونجاوەکەی لەو کاتەی پەنجەی شەهادەی کراوەتەوە لەلای سەریەوە ( وەك وێنەکەی خوارەوە).



پیشاندانی ئەم بارە چی دەگەیەنێت؟

ئەمە واتای ئەوە خاوەنەکەی لەدۆخی خەملاندن و هەڵسەندگاندنی بیرۆکەیەکدایە یان لە حاڵەتی بیرکردنەوەیەکی قوڵدایە. جا دانانی دەست بەم شێوەیە ڕەنگە جۆرێك لە ئاگایی و تەرکیز و سەرنج لای کەسەکە بوروژێنێت.



Scanned by CamScanner

⇐ ئەم بارەش دەڵێت:

"من لەحاڵی بڕیارداندام....جێم بێڵە بۆخۆم!"

بەڵام کاتێك کەسەکە چەناگەی دەخاتە نێوان پەنجە گەورەیی و پەنجەی دۆشاومژە ( وەك وێنەکەی خوارەوە) ئەمە واتای ئەوەیە کە لەحاڵی بڕیارداندایە...بەتایبەت ئەگەر ئەم بارە قاچ خستنەسەر قاچی لەگەڵدابوو لەکاتی دانیشتندا.



هەندێك لە فرۆشیارە زیرەکەکان کاتێك هەست دەکەن کە کڕیارەکە (بسێنەکە) ئەم بارەی گرتوەتەبەر پاش حەزکردنی بەکڕینەکە بەتەواوی وازلەقسەدێنن چونکە ئەوان دەزانن ئەو لە حاڵی بڕیارداندایە و بەزۆری ئەرێنیشە، لەبەر ئەوە بەتەواوی وازدێنن لە بێزارکردنی کڕیارەکە تاکاتی بڕیاردانی کۆتایی.



▫ نیشانەی درۆ و فێڵکردن:

خوراندنی مل بەپەنجە بارێکە هاوشێوەی ڕاکێشانی ملیوانەی کراس



Scanned by CamScanner

بەدەست بەڵام بارێکی زۆر زیاتر لەوەش کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو کەسەی قسەی لەگەڵ دەکەیت درۆزن و فێڵەبازە ( وەك وێنەکەی خوارەوە).

ئەوەیە تێبینی بکەیت کە گرتنەبەری ئەم بارە سوڕانی سەریشی لەگەڵدایە..ئەم سوڕاوەنەوەیە وا لەکەسی درۆزن دەکات بچێتە بوارێکی دور لە ڕوبەڕوبوونی کەسی بەرامبەر چونکە درۆکەی وای لێدەکات نەتوانێت ڕاستەوخۆ ڕوی تێ بکات.

دیسان ئەم بارە ئاماژەی تێکشکان و تورەییش دەگەیەنێت.



Scanned by CamScanner

# بارەکانی قۆڵ و ئاماژەکانیان



- **گرمۆڵەکردنی باڵەکان لەدەوری سنگدا بەڵگەی نارازیبوون یان داپۆشین یان پەرچدانەوەیە!**

کاتێ منداڵ بووین خۆمان لەپشت کورسی یان مێزێکەوە دەشاردەوە بۆ پاراستنی خۆمان لەدۆخێکدا کە بەدڵمان نەبوایە وەك سەرکۆنە و هەڕەشەی دایکمان لەئێمە، زانایانی دەرونیش دەڵێن ئەم ڕێگەی خۆپاراستن و شاردنەوەیە گەشەی کردووە لەگەڵماندا تاکاتی گەورەبوون و گۆڕاوە بۆ گرمۆڵەکردنی باڵەکان لەسەر سنگ.

دانانی باڵەکان بەم جۆرە ئاماژەیە بۆ پەرچدانەوەی ئەو دۆخەی ڕوبەڕوی دەبینەوە لەبەر ئەوە ئێمە خۆمانی لێدەپارێزین بە گرمۆڵەکردنی باڵەکان.

سێ باری سەرەکیش هەن بۆ دانانی هەردوو قۆڵ لەسەر سنگ با ڕونی بکەینەوە و ماناکانیشیان بخەینە ڕوو.



Scanned by CamScanner

¤ من ناگونجێم وڕێك ناكەوم لەگەڵ دەوروبەرم!

ئەم پەیامە بێدەنگەی سەرەوە ئەو بارە كلاسیكی و باوەی نێو خەڵكی پێمانی دەڵێت كە باڵەكان بەشێوازێكی یەكتر بڕ دادەنرێن بەئاڕاستەی سنگ (وەك وێنەكەی خوارەوە).



ئاساییە ئەم بارە لەنێو خەڵكیدا بەدی بكەین لەهەر جێگایەكی نوێی پڕ لە نەناسیاودا وەكو مەسعەد و خواردنگە و كۆڕوكۆبوونەوەكان، وەك ئەوەی كەسی خاوەن ئەم بارە لەناو خەڵكەكەدا بیەوێت پارێزگاری لەخۆی بكات یان سڵ بكات یان خۆی كەم دەربخات لەم شوێن و دۆخە نوێیەدا...ئەوە بەشێوازێكی گشتی ئاماژەیە بۆ دۆخ و هەڵوێستێكی نەرێنی یان بەرگری.

وە كاتێك ئەم بارە ڕوبەڕو دەگیرێتە بەر ئەوە ئاماژەیە بۆ ڕێك نەكەوتن و پەرچدانەوەی ئەوەی كەكەسی بەرامبەر دەیڵێت.

كاتێك ڕوبەڕوی كەسێك دەبیتەوە ئەم بارە (داخراوە) نیشان دەدات، كە ئاماژەیە بۆ نەرێنێتی و بەرهەڵستی ئەوا باشترین میكانیزم هاوكاریت بكات بۆ نزیكبوونەوە لێی و گۆڕینی بۆ بارێكی تر (كراوە) كە هاوكاریت بكات بۆ دانوستان



Scanned by CamScanner

لەگەڵی ئەوەیە هەر شتێك بێت پێی بدەیت بۆئەوەی دەستی بۆ ڕابکێشێت وەکو پێنوسێك یان ڕۆژنامەیەك بەو جۆرە ناچار دەبێت باڵەکانی بکاتەوە و ڕزگاربێت لە کۆتبون پێیەوە.

¤ وریابە...ئەم بارە پێت دەڵێت:" لاچۆ لەبەرچاوم...ئازارت پێ دەگەیەنم"!

بەڵام ئەو شێوازەی کە باڵەکانی تێدا دەپێچرێت بەیەکدا



لەدەوری سنگ لەگەڵ مشتاندنی دەستەکان ئەوە بارێکی بەرگری نیە، وەك بارەکەی پێشو، بەڵکو بارێکی دوژمنکاریە..کاتێك کەسێك روبەڕوت دەبێتەوە بەم شێوازە ئەمە واتای ئەوەیە بەزۆری دەست پێشخەری دەکات بۆ ئازاردانت جا جەستەیی بێت یان زارەکی، وە بەتایبەت ئەگەر جیڕکردنەوەی دانەکان یاوەری بوو لەگەڵ سوربونەوەی ڕوخسار و دەرکەوتنی هێماکانی توڕەیی...وەك وێنەکەی بەرامبەر.

¤ من شڵەژاوم...من دودڵم!

بەڵام ئەم پەیامە بێدەنگە کە باری سێیەم دەیڵێت لەشێوازی پێچانی باڵەکان بەیەکتردا لەدەوری سنگ..لەم بارەدا باڵەکان گرموڵەدەکرێن و دەپێچرێن بەدەوری سنگدا



Scanned by CamScanner

بەلاّم بەتوندی پەستان دەخەنە سەر باڵەکان...وەك وێنەکەی بەرامبەر.



لەم بارە جوان ڕامێنە تێبینی دەکەیت کە زۆر لەناوخەڵکیدا باوە و ڕودەدات لە دۆخە قورس و گرانەکاندا، وەکو چاوەڕوانی لە عەیادەی دکتۆری دان، یان هەستان بەیەکەم گەشتی فڕۆکە..ئەم بارە ئاماژەیە بۆ خۆخواردنەوە و پیش خواردنەوە..ئەوە دەربڕینێکە لە عەقڵی نائاگاوە لەحەزکردن بە دورکەوتنەوە لە ئەزمونێکی ڕاڕاکەر و شڵەژێنەر و ترسێنەر و خۆپاراستن و خۆگرتنەوە لێی.

وە هەندێك خەڵك ئەم بارە دەگرێتە بەر بەشێوازێکی زیادەڕۆیی تیاکردن بەجۆرێك هەڵدەستێت بە پەستان خستنە سەر باڵەکانی بە دەستە هەڵواسراوەکانی لەنزیك سنگیدا بەهێزێکی توند تا دەبێتە هۆی سپی هەڵگەڕانی دەستەکان بەهۆی ڕێگرتن لە گەیشتنی خوێن بۆیان بەهۆی ئەو گوشین و پەستانە توندەوە خراوەتە سەر بۆریە خوێنەکانی باڵەکان.



Scanned by CamScanner



# جوڵەکانی سەر و ماناکانیان

¤ ئەم بارە دەڵێت...من هاوڕام لەگەڵت..!

ئەم پەیامە بێدەنگە سەر لەقاندن بۆخوارەوە و بۆ سەرەوە پێمانی دەڵێت کە مانای ئەریٚ و ڕێك کەوتن دەگەیەنێت.

ئەوەش سەیرە کە لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە نابینایان و ئەوانەی کە کەڕن یان لاڵن دیسان بەم جۆرە جوڵەیەی سەر هەڵدەستن لەدۆخی تایبەتی خۆیدا کە دەیسەلمێنێت ئەوە جوڵەیەکی سروشتی و سگماکە مرۆڤ دەیکات هەر بەخۆرسی و پێویستی بە فێربوونی نیە لەمیانەی مامەڵەکردنیدا لەگەڵ ئەوانی تردا.

¤ من ناڕازیم....من هاوڕانیم لەگەڵت...!

بەلاّم لەقاندنی سەر بەم لاولادا ئاماژەیە بۆ نەرێکردن و پەسەند نەکردن و پەرچدانەوە. وە هەندێك لێکۆڵەر وای بۆ دەچن کە ئەم جوڵەیە یەکەمین جوڵەیە لە جوڵەکانی زمانی بێدەنگ کە مرۆڤ فێری بووبێت و بەجۆرێك هەر لەتاق سەرەتای



Scanned by CamScanner

منداڵیەوە ڕاهاتووە لەسەر ئەنجامدانی ئەم جوڵەیە بۆ پەرچدانەوەی مەمکی دایکی پاش هەستکردن بەتێری.

⇐ سێ باری سەرەکی سەر هەیە و سێ مانا دەدەن بەدەستەوە...چۆن دەیانخوێنیتەوە؟!

وەك چۆن جوڵەکانی سەر مانای تایبەتی دەدەن بەدەستەوە ئەوا بارە جێگیرەکانی سەریش دیسان مانای جیاواز جیاواز دەدەن بەدەستەوە.

سێ باری سەرەکی هەیە، ئەوانیش:



بار و شێوازی ئاسایی: بریتیە لە سەری بەرز و هاوسەنگ لەنێوان هەردوو شاندا...ئەوە مانایەکی زیاتر لە گوێگرتن نادات بەدەستەوە بۆ ئەوەی کە دەوترێت و هەندێك جار تاو ناتاوێك سەرلەقاندنیشی لەگەڵدایە (وەك وێنەکەی بەرامبەر).



شێوازی لاربونەوە: لەم شێوازەدا سەر کەمێك بەلایەکیدا لار دەبێتەوە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ چێژوەرگرتن و گوێگرتن لەوەی کە دەوترێت وە



Scanned by CamScanner

بەتایبەت ئەگەر بەو جۆرە دانانی دەست لەسەر ڕومەتیشی لەگەڵدابوو.

کاتێک قسەیەک دەکەیت ڕوبەڕوی کۆمەڵێک خەڵکی و دەبینیت هەندێکیان دەستیان داوەتەوە گرتنەبەری ئەم شێوازە ئەوە بەڵگەی سەرکەوتنتە لە چێژبەخشین و خۆشحاڵ کردنیان بە قسەکانت. (وەك وێنەکەی بەرامبەر).

سەیریش ئەوەیە زانا " تشارلز داروِن " یەکەم کەس بوو تێبینی ئەوەی کرد کە لاربونەوەی سەر بەلایەکدا بەڵگەی چێژ وەرگرتنە، هەروەها تێبینی ئەوەشی کرد کە ئەم جوڵە و شێوازە لای ئاژەڵانیش هەیە کاتێك لە حاڵی چێژوەرگرتندان.



شێوازی شەڕانی: ئەو شێوازەیە کە تیایدا سەر بۆ خوارەوە لار دەکرێتەوە (وەك وێنەکەی بەرامبەر) ئەم شێوازەش بەزۆری ئاماژەیە بۆ هەڵوێست و دۆخێکی نەرێنی کە ڕەنگە ڕاگەیاندن بێت بۆ ڕودانی شەڕ و پێکدادانێك لەنێوان دوو لایەنەکەی قسەکردندا.



Scanned by CamScanner

## ⇐ جوڵە و شێوازگەلێکی جۆراوجۆر...چۆن ڕاڤەیان بکەین؟

¤ ڕاکێشان یاخود بادانی تاڵە دەزوو! ( The line picker ):

ئەمە ئاماژەیە لە دەربڕینێکی نازارەکی کە نەخێر و ناڕازیبون و بێزاری دەگەیەنێت سەبارەت بەوەی کە دەوترێت..گوێگر لەم حاڵەتەدا نەخێر و ڕێك نەکەوتنی ڕەنگ پێدەداتەوە لەسەر پیشاندانی ئەم جوڵەیەی کە ئامانجی لەشتێك نیە، ئەمەش ئەوەیە کە ناوی لێ دەنێین لە زانستی دەرونیدا بە خستنەجێی هەڵەکار (displacement )..بەجۆرێك هەڵدەستێت بە بادان و لولدانی تاڵێکی خەیاڵی لە تاڵ و تیسکەکانی جلوبەرگەکەی.



وە بەزۆری جار کە ئەم جوڵەیە پیادەدەکات سەیری خوارەوە دەکات و بەڵێ و بەدڵ بوونی بۆ ئەوەی دەوترێت دەردەخات کەچی لەڕاستیدا قایل نیە پێی و



Scanned by CamScanner

لای پەسەند نیە! (وەك وێنەکەی خوارەوە).

بەڵام تۆ چی دەکەیت گەر ئەو کەسەی قسەی بۆ دەکەی ئەم جموجوڵەی کرد؟

بەری دەستت بەڕوی ئەودا بکەوە و بە دەنگێکی بەرز قسەی بۆ بکە و داوای لیٚ بکە بۆچونی خۆی بەڕونی و ڕەوانی بڵێت، وەك ئەوەی پێی بڵێیت:" پێت چۆنە؟..ئایا تۆ ڕازیت بەم کاروبارانە؟".

ئحم کردنی دوبارە...چی دەگەیەنێت؟

ئایا ئەم حاڵەتەت بەسەر نەهاتووە لەسەرەتای وتاردان بۆ کۆمەڵێکی زۆر لەخەڵکی یاخود لەکاتی دیدارێکی تەلەفزیۆنیدا، یان دەربڕینی بۆچونت بۆ ڕۆژنامەنوسێك؟ هەستت بەچی کردووە لەو دۆخانەدا؟

زۆرینەی خەڵکی لەم دۆخانەدا توشی جۆرێك لە شڵەژان دەبن بە ڕادەی جۆراوجۆر، وە ئەم شڵەژانەش توشی جۆرێك لە ئح ئح کردنی چەندجارەیان دەکات پێش قسەکردن..بەڵام ڕاڤە و واتای ئەوە چیە؟

دەرکەوتووە کە حاڵەتی شڵەژان و پەشۆکان ماسولکەکانی قورگ توشی هەندێك لە گیران و زیادکردنی ڕژانی لیکی ناو دەم دەکات بەجۆرێك دەبێتە هۆی حەزکردن بە ئحم ئحم کردنی



Scanned by CamScanner

دوباره بۆ سوککردن و کەمکردنەوەی ئەم دەرکەوتانە..هەندێك جاریش (ئح کردن) هەڵقولاوی ئەو وەسوەسە زۆرەیە کە بەهۆی دەرنەچونی دەنگەوە وەك پێویست دروست بووە جا پێش قسەکردن بێت لەبەردەم خەڵکێکی زۆر یان ڕادەربڕین لەیەکێك لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆن یان ڕادیۆدا...

¤ قرتاندنی نینۆکەکان بەدان:

توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆرینەی ئەوانەی خوی خراپی قرتاندنی نینۆکەکان بەددان ئەنجام دەدەن ئەوانەن کە نەگونجاون لەگەڵ واقیع و خەڵکی دەوروبەریاندا، یان توشبوان بە ڕاڕایی و دڵەڕاوکێی ناوەکی، ئەوان بەزۆری ڕق و نابەدڵیەکی سەرکوت کراو و بەندکراو هەڵدەگرن لەدەرونی خۆیاندا بەرامبەر ژینگەکەیان یاخود سۆزیان جێگیر نیە.

¤ زڕەزڕکردن بەپارەی ناو گیرفان:

ئەم خووە بێزارکەرەش زۆر جار مانای شانازی کردنێکی توند دەگەیەنێت سەبارەت بە بەدەستهێنانی ماڵ و پارە پاش بێبەشبوون و نائومێدی..بەناوبانگترین کەسیش کە خوی زڕەزڕکردن بەپارەی پیادە دەکرد دەرهێنەری سینەمایی "لویس مایەر" بوو کە جارێك لە گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەوانیدا



Scanned by CamScanner

لەبارەی هۆکاری ئەم خوەیەوە ووتی:" بیری ئەو کاتانەم دەکەوێتەوە کە خاوەنی یەك عانە نەبووم"!!.

¤ ڕێك کردنی بۆینباخی مل لەبەردەم ئافرەتێکدا چی دەگەیەنێت؟



وەکو چۆن لای زۆرێك لە جۆرەکانی ئاژەڵان ڕوودەدات، پیاو خۆی بۆ چونەبەردەمی ئافرەت ئامادە دەکات یان نێر خۆی بۆ دیداری مێ ئامادە و تەیار و ڕێکپۆش دەکات، ئەو ئامادەسازیەش چەندین بار و شێوازی زۆر و جۆراوجۆر ئاماژەی پێدەدەن وەکو داهێنان و ڕێککردنی قژ بە دەست، یان خۆ تەکاندن، هەروەها ڕێککردنی بۆینباخی مل.

نمونەی ئەم جۆرە جموجوڵ و هێمایانە و شێوازە جۆربەجۆرەکان دەربڕی ئەو ئارەزووە بایۆلۆجیەیە کە نێر هەیەتی بۆ ڕاکێشانی مێ.

وە هەمان شتیش دەچەسپێت بەسەر مێدا کاتێك خۆی دەڕازێنێتەوە بۆ مێردەکەی و هەڵدەستێ بە جوڵە و ڕەفتاری وروژێنەر.

¤ تەماشاکردن لەژێر چاویلکەوە:

واتای چیە کاتێك کەسێك لەژێر چاویلکەکەیەوە بۆ یەکێکی تر دەڕوانێت ؟...کاریگەری ئەم حاڵەتەش لەسەر گوێگر یان کەسی بەرامبەر چیە ؟



لە فیلمە سینەماییە کۆنەکاندا ئەکتەرەکان حەزیان بە گرتنەبەری ئەم بارە دەکرد کاتێك لە حاڵەتی ڕەخنەگرتن و بڕیاردانـدا بوونایە.

ئەوەش تاڕادەیەك بەسەر واقیعدا جێبەجێ دەبێت..بەڵام لەڕاستیدا زۆرینەی ئەوانەی ئەم شێوازە دەکەن مەبەستیان لەشتێك نیە چونکە بەزۆری هی ئەو کەسانەیە کە عەینەکی خوێندنەوە بەکاردێنن، لەبەر ئەوە لەبری ئەوەی لەچاوی داکەنێت لەکاتی قسەکردندا لەژێریەوە دەڕوانێت..وەکو بەڕێوەبەری قوتابخانە کاتی ونکردنی قوتابیەکانی..یان وەکو ئەو مێردەی بۆ ژنەکەی دەدوێت لەو کاتەی خوێندنەوەی ڕۆژنامە یان کتێبێکی پێ بڕیوە.

بەڵام ئەو کەسەی بینەری ئەم شێوازەیە بەزۆری هەڵوێستێکی نەرێنی دەگرێتەبەر قاچەکانی کۆدەکاتەوە یان



Scanned by CamScanner

باڵـەکانی گرمۆڵـەدەکات و بەیەکیـدا دەئاڵێنێـت لـەنزیك سنگی وە بەتەواوی وەڵامدەرەوە وگونجاو نیە لەگەڵ ئەم بارە لـەکاتی قسەکردندا.

لەبـەر ئـەوە وا باشـە چـاویلکەی خوێندنـەوە داگریـت لای خۆت داینێیت ئینجا قسە بۆ ئـەوانی تـر بکـەیت لـەبری ئـەوەی قسان بکەیت و لەژێر چاویلکەکەتەوە بڕوانیت!



Scanned by CamScanner

# خەڵکی و ......ڕەنگەکان



هەرکەسە و ڕەنگێکی لاجوانە..
چۆن خەڵکی دەناسیت لەڕێی هەڵبژاردنیانەوە بۆ ڕەنگەکان؟!

**ئارەزومەندانی ڕەنگی خۆڵەمێشی (بۆر) حەزیان لە گۆشەگیریە؟**

ئەوانەی کە ئەم ڕەنگە بەجوان دەزانن بە سروشتی خۆیان حەز بە گۆشەگیری و دورەپەرێزی دەکەن لەهەمبەر کێشەکانی ژیان و فشارە زۆرەکەی کە بێزاریەکی توندیان لا دەوروژێنێت....ئەوان هەمیشە تێدەکۆشن بۆ کەشە هێمن و پشو و بێدەنگەکان.

بەڵام ئەوانەی حەزیان بەم ڕەنگە نیە یاخود لایان جوان نیە بەپێچەوانەوە لە ئارەزومەندانی ژیانی قەرەباڵغ و پڕ لەدەنگەدەنگ و وروژاون ڕەنگە پاڵیان بنێت بۆ چونە ناو ئەزمونگەلی بوێرانە و مەترسیدارەوە کە بیانخاتە کێشەگەلی گەورەوە.

**ڕەنگی شیری...ڕەنگی هەڵبژێراوە لای خاوەن ئەرك و پابەندیەکان:** بەڵام ئەوانەی هۆگری ڕەنگی شیری



Scanned by CamScanner

(شەکەری)ن، جا لە هەڵبـژاردنی جل و بەرگەکانیاندا بێت یان کەلوپەلی ناوماڵدا ئەوانەن کە زۆرترین ئەوکەسانەن پابەندن و ئەرکـەکان جێبـەجێ دەکـەن و بەرپرسـیاریەتیەکان هەڵـدەگرن، لەبەر ئەوە لەهەمان کاتـدا دەیـان بینین زۆرتـرین ئـەو کەسـانەن کــە نــاڕەزایی دەردەبــڕن بەرامبــەر ئــاژاوە و جــەنجاڵی و کەمتەرخەمی و هەڵەشەیی.

بـەڵام ئەوانـەی حـەزیان بـەم ڕەنگـە نیـە بـەزۆری ئەوانـەن کـە سەرپێچی شێوازە باوەکـانی ژیـان دەکـەن، ئـارەزوی ناوبـانگ دەکەن..ڕقیان لە لەسەرخۆییە لەکاردا، ئەوان هەڵەشە و خێـران بەزۆری لەگشت کاروبارەکانیاندا.

<u>تــۆ لــە ئارەزومەنــدانی ڕەنگــی زەردیــت...کەواتــە تــۆ ئارەزومەندی هەموو شتێکی نوێیت!</u>

ئارەزومەندانی ڕەنگـی زەرد بەگشتی ئەوانـەن کـە زیـاتر لـە خـەڵکی چـاویان لەهــەر تازەگــەری و شــتێکی نوێیــە..ئــەوان تێدەکۆشــن بــۆ بــەدیهێنانی چــارەنوس و داهاتویــەکی پرشنگداری پڕ لە داهێنان و نوێگەری. ئەم ڕەنگەش زۆرێك لە هونەرمەنــدە داهێنــەرەکان حــەزی پێدەکــەن ئەوانــەی کــە تێدەکۆشن بۆ پێشخستن و نوێگەری لە کارەکانیاندا.

بـەڵام ئەوانـەی ڕقیـان لـەڕەنگی زەردە هەمیـشە ڕەشـبین و بێئومێدن.



Scanned by CamScanner

## تۆ حەزت لە سەوزە...کەواتە تۆ مرۆڤێکی هاوسەنگیت:

ئەوانەی کە ڕەنگی سەوز هەڵدەبژێرن زۆرترین کەسانێکن کە هاوسەنگی و جێگیریان هەبێت، ئەوان دراوسێی پەروەردەکراو و ڕۆشنبیرانن، باوکی کەسە نمونەییەکانن، هاوڕێیانێکی وەفادارن، زۆرترین ئەو کەسانەن کە دەچنە ڕیزی کۆمەڵە هەرەوەزی و هاریکاریەکانەوە و بەشداری دەکەن لەکارە خۆبەخشەکاندا.

بەلاّم ئەوانەی ڕەنگی سەوز حەز پێناکەن بەگشتی ئەوانەن کە ناگونجێن و کۆک نین لەگەڵ کۆمەڵگەدا و هەست بە ستەمکردن بەرامبەریان دەکەن و لەبەر ئەوە چاوەڕێی کردارگەلێکی دوژمنکاریان لێدەکەین!

## وریای ئارەزومەندانی ڕەنگی سور بە!

ئارەزومەندانی ڕەنگی سور کەسانێکی هەڵچون میزاج و سۆزەکانیان بەڕادەیەکی زۆر زاڵە بەسەریاندا ، لەبەر ئەوە هەندێك جار چاوەڕێی کردارگەلێکی هەڵەشە و سەرکەشانەیان لێدەکرێت، بەلاّم لەهەمان کاتدا زۆر چالاکن و پاڵنەر و هۆکارگەلێکی گەورەیان هەیە بۆ سەرکەوتن و حەزکردن بەدەرکەوتن.

بەپێچەوانەوە ئەو کەسەی حەزی لەڕەنگی سور نیە بەزۆری کەسێکی تێکشکاوە و هەست بە شکست دەکات سەرەڕای ئەو



Scanned by CamScanner

کۆششەش کە دەیکات، ئەو هەمیشە هەست دەکات لەژێر گوشاری شڵەژان و بێزاریدایە و ئاسودەیی و ئاسایشی لێ دورە.

**رەنگی شین...رەنگدانەوەی جۆرێك لە هەستیارێتی توندە:**

ئارەزومەندانی رەنگی شین زۆرترین کەسانێکن کە هەستیار بن لە مامەڵە و هەڵسوکەوتەکانیاندا، ئەوان هەمیشە دەیانەوێت رێز و نرخدانانی ئەوانی تر ببینن بەرامبەر رەفتار و هەڵسوکەوت و هەڵبژاردنەکانیان، لەبەر ئەوە زۆر بێزار و وەرس دەبن لە رەخنەی نەرێنی و سلبی یان دژوەستانی ئەوانی تر بەرامبەر بیروبۆچوونەکانیان.

بەڵام ئەوەی حەزی لەم رەنگە نیە کەسێکە ئارەزوی هەڵاتن دەکات لە واقیع، بیرو بیرۆکەی کتوپڕ و لەناکاو دێت بەمێشکیدا بۆ گۆڕینی شوێنەکەی یان پیشەکەی تەنانەت هاوسەرەکەشی بۆ گەڕان بەدوای ژیانێکی زیاتر دڵرفێن و دور لە ئەرزی واقیعی ئازاردەر.

**تۆ حەزت لە رەنگی رەشە...کەواتە تۆ مرۆڤێکی تورە و ناڕازیت:**

هەرکام لەئێمە هەندێك جار ساتگەلێك توشی دەبێت کە تیایدا هەست بە تورەیی و ناڕازێتی دەکات، بەڵام ئارەزومەندانی رەنگی رەش زیاتر لەخەڵکی تورە و ناڕازی



Scanned by CamScanner

دەبن لەژیانیاندا، ئەوان زۆر جار هەست دەکەن کە ملکەچی هێزێکن گرانە لەسەریان هەڵی بگرن و بگونجێن لەگەڵیدا.

بەڵام ئەوانەش کە حەزیان لەڕەنگی ڕەش نیە ئەو کەسانەن کە لەڕاستیدا ڕقیان لە بیری مردن و دورکەوتنەوەیە لەهەرشتێك کە هەستی کۆتایی هاتن بە چارەنوسیان بۆ دێنێت چونکە ئەوان زیاتر لە هەرکەس حەزیان لەژیانە.

**ڕەنگی مۆر ئاماژەیە بۆ حەزکردن لە جیاوازی(شازێتی):**

ئەوەی کە حەزی لەڕەنگی مۆرە و هەڵبژاردەیە لای بەسەر ڕەنگەکانی تردا مرۆڤێکە حەز دەکات شاز و جیاواز بێت لەخەڵکی، ئەم ئارەزوەی هەندێك جار دەیبات بەرەو دۆخگەلێکی پێکەنیناوی و گاڵتەئامێز کاتێك کە زۆر جیاوازە لەوانەی دەوروبەری.

دیسان مرۆڤێکە زۆر ئارەزوی بە داهێنان هەیە و ڕەنگە بەهرەگەلێکی هەبێت کە لەکەسی تردا بەدی نەکرێت.

بەڵام ئەوانەی خۆشیان لەم ڕەنگە نایەت ڕقیان لە دەرکەوتنە و نرخ بۆ ڕونی و ڕەوانی دادەنێن و ئارەزومەندن کە لەسەر سروشتی خۆیان بن.



Scanned by CamScanner

# زمانی چاوەکان..



## چاو شتانێکی زۆر لەبارەی خاوەنەکەیەوە دەڵێت

*______________________________*

نهێنیەکانی سەیرکردن:

مرۆڤ هەر لەدێر زەمانەوە گرنگی داوە بە پەیوەندی چاو و سەیرکردنەکانی بە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەوە..هەربۆیە وتراوە: ئەمە چاوێکی پیسە..وە ئەمەش چاوێکی پشکنەرە..ئەم سەیرکردنانە جوان نین..وە ئەم سەیرکردنانە سەیری میهرەبانن..و هتد.

زانراوە کە چاو دان دەنێت بەوەی مرۆڤ بیری لێدەکاتەوە لەزۆربەی کاتەکاندا و دەری دەبڕێت، یان زمانێکی تایبەت بە چاوەکان هەیە، کە لەبنەڕەتدا پشت بە پلەی فراوانی چاو دەبەستێت و ئەو بوارەی کە تیایدا دەسوڕێتەوە لەمیانەی هەڵسوکەوت و مامەڵەکانی خەڵکی لەگەڵ یەکتری.

¤ گلێنەی چاو چۆن کاریگەر دەبێت بە هەڵچون و هەستەکانی ناو دەرون؟:



تەسکی و بچوکبونەوەی گلێنەی چاو

گلێنەی چاو کاریگەردەبێت بە پلەی ڕوناکی، فراوان دەبێت بە ڕوناکیەکی کەم یاخود لەکاتی تاریکیدا بۆ وەرگرتنی زۆرترین ڕادەی



Scanned by CamScanner

تیشکی ڕوناکی و هەروەها لەگەڵ تیشکی ڕۆشنایی زەقدا بچوك و تەسك دەبێتەوە.



فراوانبون و گەورەبوونی گلێنەی چاو

بەڵام دیسان کاریگەریش دەبێت بە هەست و هەڵچونەکان..بۆ نمونە لەکاتەکانی هەڵچون و هەژین وشەڕدا گلێنەی چاو فراوان دەبێت چوارئەوەندەی قەبارەی ئاسایی خۆی..بەلام لە ساتەکانی خەمۆکی و تورەیی و (هەستە سلبیەکاندا)، تەسکدەبێتەوە و دێتەوە یەك.

بەتێڕوانین بۆ ئەو شتانەی کە گلێنەی چاو دەری دەبڕێت لە هەست و هەڵچونەکان لەم ڕوانگەیەوە چەندین قسەی نەستەق و پەند هاتوون کە گرنگایەتی ڕوانین بۆ گلێنەی چاوی کەسی بەرامبەر دەردەخات، ئەو کەسەی مامەڵەی لەگەڵ دەکەین بۆئەوەی لەو ڕێگەیەوە هەندێك لە هەست و بیرۆکەکانی بزانین.

- بواری بینین ئاماژەگەلی تایبەتی هەیە!
- لەکاتی قسەکردندا " چاو لەچاوبڕین" مانای چیە؟

کاتێك قسە بۆ کەسێك دەکەیت سێ گریمانە هەیە: یان ئەوەتا بازنە و بواری سەیرکردنەکەی سنوردارە بەئاڕاستەی



Scanned by CamScanner

تۆ واته " چاو لەچاوه" یان " بۆ لایەکی تر دەڕوانێت" یاخود " لەنێوان هەردوکیاندا".

لێکۆڵەرانی ئەم بواره دەڵێن: ماوەی چاولەچاوبڕین لەکاتی قسەکردندا ئاماژەگەلی تایبەتی و دیاریکراویان هەیە، مرۆڤی درۆزن یان فێڵەباز یاخود شت شارەوه بەزۆری ناڕوانێت یاخود چاونابڕێته چاوی لایەنەکەی تر بۆ ماوەیەك زیاتر بێت لە سێیەکی کاتەکە، لەکاتێکدا مرۆڤی ڕاستگۆ و چێژوەرگر لە کەسی بەرامبەر بەزۆری چاودەبڕێته چاوەکانی بۆ ماوەیەك دەگاتە سێ بەشی کاتەکە، بەڵام بەپارێزەوه..لەم حاڵەتەی دووەمدا واته چاوبڕینه چاو بۆ ماوەیەکی درێژ دەستکردنه بە ئازاردانی کەسی بەرامبەر جا جەستەیی بێت یاخود زارەکی.

بۆئەوەی جیاوازیش بکەین لەنێوان هەردوو بارەکەدا، لەباری یەکەمدا گلێنەی چاو فراوان یاخود ئاساییه بەڵام لەباری دووەمدا بچوکه و هاتوەتەیەك.

- ¤ چۆن سۆز و خۆشەویستی خەڵکی بەدەست دێنیت لەکاتی قسەکردندا؟

لێکۆڵەری ئەمەریکی " ارجیل" لەم ڕوانگەیەوه دەڵێت: کاتێك کەسی ( أ ) دەڕوانێت بۆ چاوەکانی کەسی (ب ) بۆ ماوەیەکی درێژ لەکاتی قسەکردندا، ئەوه وادەکات کەسی ( ب ) گومان بکات کە کەسی ( أ ) چێژی لێوەردەگرێت و سەرسامه



Scanned by CamScanner

پێی، وە کاریگەری ئەوەش ڕەنگدەداتەوە لەسەر کەسی (ب ) و سەرسامیی لەگەڵدا دەگۆڕێتەوە.

بەو پێودانگەش بۆ ئەوەی هەوڵی بەدەستهێنانی سۆز و خۆشەویستی ئەوانی تر بدەیت کە قسەیان لەگەڵ دەکەیت هەوڵبدە سەیری چاوەکانیان بکەیت بۆماوەیەك بگاتە نزیکەی ٦٠ - ٧٠ ٪ ی کاتەکە..زۆر جوانتر دەبێت ئەگەر زەردەخەنەشی لەگەڵدابێت.

⌑ پیاوانی کار لەکاتی قسەکردندا چۆن دەڕوانن؟

قسەکانی کارکردن پێویستە جیابکرێتەوە بە جدێتی و دڵکاری..توێژەران لە زانستی بیرتیژی و ڕوکەشناسیدا (الفراسة) وای دەبینن کە ڕوانین بۆ ناوچەی شێوە سێگۆشەی نێوان چاوەکان و خوارووی تەوێڵ ( وەك وێنەکەی خوارەوە) دەگونجێت لەگەڵ قسەکانی پیاوانی کاردا چونکە ئەوە ئاماژەی دڵکاری و جدێتی لای کەسی بەرامبەر دەدات بەدەستەوە و هەستی ئەوەی دەدەیتێ کە تۆ هەر بەڕاستی مەبەستت ئەوەیە کە دەیڵێیت.





Scanned by CamScanner

¤ چۆن لەکاتی قسە کۆمەڵایەتیەکاندا دەڕوانیت؟

بەڵام کاتێك چاو دەخرێتە سەر ئەو ناوچە سێگۆشەیەی کە چاوەکان دەگەیەنێت بە سەروی دەمەوە ( وەك وێنەکەی خواری) ئەوە هاوکاری دەکات لەسەر سازاندنی کەشێکی کۆمەڵایەتی بۆ قسەکردن.



گۆشەی ڕوانین کاتی قسە کۆمەڵایەتیەکان

¤ چۆن چێژوەرگرتنت لە قسەکانی کەسی بەرامبەر دەردەخەیت؟

بەڵام ئەو ناوچە سێگۆشەیەی کە چاوەکان و خوار چەناگەوە بەیەك دەگەیەنێت ( وەك وێنەکەی خوارەوە) بواری ڕوانینەکە دەگونجێت و ڕێکدەکەوێت لەگەڵ کاتی ئەو قسانەدا کە بەهۆیەوە دەخوازرێت چێژوەرگرتن لەکەسی بەرامبەر دەربخرێت، وە ئەو کەسەی کەبۆخۆی





Scanned by CamScanner

هەڵدەستێت بە ڕوانین بۆ ئەم ناوچەیە کاتێکە هەست بەچێژوەرگرتنی کەسی بەرامبەر دەکات لێی.

¤ داخستنی چاوەکان کاتی قسەکردن مانای چیە؟

ناپەسەندترین بار کە دەکرێت پیشانی ئەوانی تر بدرێت کاتی قسە کردن بریتیە لە داخستنی چاوەکان کاتی گفتوگۆ ( وەك وێنەکەی خوارەوە).



ئەم بارە بەشێوازێکی نائاگا ڕێکدەکەوێت لەگەڵ هەستکردنی قسەکەر بە ئارەزوی زاڵبون و هێز و دەسەلاَت یان هەستکردنی بە بێزاری و چێژوەرنەگرتن لە قسەکانی کەسی بەرامبەر..لەبەر ئەوە ئەم حاڵەتە کاریگەریە نەرێنیەکەی ڕەنگدەداتەوە لەسەر لایەنەکەی تر و هانی نادات بۆ بەردەوام بوون لەقسە.



Scanned by CamScanner

# جگەرەکێشەکان چەندین جۆرن..
# چۆن کەسایەتی جگەرە کێشت بۆ دەرەکەوێت؟



¤ ژەهرە دوکەڵ (ژەهری فڕیو):

جگەرەکێشان کارەسات و خویەکە ترسناکتر لەوەی کە هەیە، وە جگەرەکێش تەنها زیان بەخۆی ناگەیەنێت و خۆی ئازار نادات بەهۆی ئەو ژەهرەی هەڵی دەمژێت بەڵکو دەوروبەرەکەشی ئازاردەدات بەو دوکەڵە کوشندەیەی جگەرەکان کە دەیڕێژێت بە هەوادا، جا ڕازی بووبین یاخو نا ئەوا ژیانی ڕۆژانە و گوزەران وامان لێدەکات ناچاربین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ جگەرەکێشاندا و وەرگرتن و هەڵمژینی دوکەڵی جگەرە نەفریەتیەکانیان.

وە جگەرە کێشەکان لەشێواز و ڕێگای کردنە دەرەوەی دوکەڵی جگەرەکانیاندا لە سنگیانەوە جیاوازن، جا بۆ هەر چۆنیەتیەك ئاماژە و مانایەکی دیاریکراو هەیە..با بۆتی ڕون بکەینەوە..



Scanned by CamScanner

¤ **مانای خودی جگەرەکێشان بۆخۆی:**

جگەرە کێشان بۆخۆی وە بە تێڕوانین بۆ ڕێگەی ئەنجامدانی نیشانەیەکە لەزۆرینەی کاتەکاندا بۆ کەوتنە ژێر فشار و گوشارێکی دەروونیەوە..هەر بۆیە کەسی جگەرەکێش شڵەژان و پشێوی دەرونیەکەی بە دوکەڵی جگەرەکان دادەپۆشێت وەکو چۆن کەسانی جگەرە نەکێشیش مامەڵە لەگەڵ پشێوی و شڵەژانی دەرونیدا دەکەن بە ڕەفتارگەل و هەڵسوکەوتانێکی تر وەکو هەڵکۆڵینی سەر مێز بەپەنجەکان، یاخود خوراندنی سەر، یاخود قرتاندنی نینۆك بە ددان....هتد.

¤ **ئاراستەی دەرکردنی دوکەڵی جگەرە و ئاماژەکانی:**

ئەوەی کە فودەکات بە دوکەڵی جگەرەکەدا بۆ سەرەوە لەزۆرینەی کاتەکاندا مرۆڤێکە متمانە و باوەڕی بەخۆی هەیە..حەزی بە سەربەرزی و سەرکردایەتی هەیە..واتە ئەم نیشانەیە مانای شتێکی ئەرێنی دەدات بەدەستەوە.

بەلأم فوکردن لەدوکەڵەکە بۆ خوارەوە بەڵگەیە لەسەر سیفاتە نەرێنیەکان وەکو خۆخواردنەوە و پیشخواردنەوە و گومان لەوانی تر و ڕەنگە هەستکردنیش بە لاوازی.



Scanned by CamScanner

وە دەرکردنی دوکەڵ بۆ خوارەوە لە لایەکی دەمەوە ئاماژەیە بۆ نەرێنێتیەکی توند و ئاڵۆزی و ناڕونی.



ئەرێنی .. متمانەبەخۆبوون ..دەسەڵاتداری

لەبەر ئەوە ئێمە لەهەندێك لە فیلمە سینەماییەکاندا تێبینی دەکەین کە سەرۆکی مافیاکان کاتێك دەچێتە لای تاکەکانی باندە مافیاکەی سەری بۆ سەرەوە بەرزدەکاتەوە و دوکەڵی جگەرەکەی دەرەکات بەرەوڕوی بنمیچەکە تاکو بەڵگەیان بۆ بێنێتەوە بەشێوازێکی نائاگا بەتەواوی لەسەر هێز و سەردارێتیەکەی.



نەرێنی .. پیش خواردنەوە ..داخراوی

سەیریش ئەوەیە یەکێك لە لێکۆڵینەوەکان باسی ئەوەی کردووە بەهۆی تێبینیکردنی جوڵەکانی کڕین و فرۆشەوە کە کڕیار(مشتەری) کاتێك دەگاتە بڕیارێك بۆ کڕین ئەوا دوکەڵی جگەرەکەی دەردەکات بۆ سەرەوە وەك ئاماژەیەك بۆ ئەرێنێتی وسەرکەوتنی، بەلام کاتێك دەگاتە بڕیاری نەکڕین ئەوا دەکشێتەوە و دوکەڵی



Scanned by CamScanner

جگەرەکـەی بـۆ خـوارەوە دەکاتـە دەر و وەك ئاماژەیـەك بـۆ ناپەسەندێتی و ڕازی نەبوون.

## ¤ کەسایەتی سیغار کێش:

بەڵام سەبارەت بە کێشانی سیغار نەك جگەرە ئەوا ئەوانەی دەچـن بـەرەو کێـشانی سـیغار دەیانـەوێت هێـز و دەسـەڵات دەربخـەن یـان بـۆ دەربـڕینی سـەرکەوتنێك یـان کارێـك کـە بەدەستیان هێناوە.




سـەرنج بـدە لـە فیلمـە سینەماییەکاندا کێشانی سیغار کورتدەبێتـەوە لەسەر خاوەن بنکە و مەرکەزە گەورەکان یان ئەوانەی کە کۆمەڵانێکی خەڵکی بەڕێوە دەبەن وەکو سەردەستەی مافیاکان یاخود سەردەستەی چەتەکان! جا کێشانی سیغار لـەم حاڵەتانـەدا هەستکردن بە هێز و دەسەڵات زیاتر دەکات..بـەڵام ئەوە واتای بـەرگریکردن نیـە لـەم ڕەفتـارە..چونکە ئـەوە خـو و ڕەفتـارێکی گەوجانـە و قێزەونە!



Scanned by CamScanner

## ¤ کەسایەتی سەبیلە کێش:

بەکارهێنانی سەبیلە بە چەندین هەنگاودا تێدەپەڕێت وەك خاوێنکردنەوە و گرنگی پێدان و تێهەڵکێشکردن و ئاخنین و ئینجا داگیرساندن ئەوەش کاتێکی



سەبیلە

زۆرتری دەوێت لە کێشانی جگەرە یان سیگار، لەبەر ئەوە کێشانی سەبیلە توێژەران وای بۆدەچن ئامرازێکی گونجاوە بۆ سوککردنی فشارە دەرونیەکە بەهۆی سەرقاڵ بوون بە هەنگاوەکانی ئامادەکردنی سەبیلەکەوە بۆ بەکارهێنان.

وە یەکێك لە سیفاتەکانی بەکارهێنەری سەبیلە هەروەها ئەوەیە کە خاوە لە بڕیاردانندا..لەبەر ئەوە پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی سەبیلە وەك ئامرازێك بۆ دواخستنی بڕیارەکە.

لە دیدارەکانی فرۆشتندا تێبینیکراوە کە بەکارهێنەرانی سەبیلە کاتێکی درەنگتریان دەوێت بۆ بڕیاردان بۆ کڕین یان نەکڕینی شتێك ئەم کاتەش درێژترە لەچاو جگەرە کێشەکاندا.

شاراوە نیە لێمان کە خوی جگەرە کێشان خویەکی قێزەون و زیان بەخشە بە ماڵ و تەندروستی..لەوەشدا سیغار کێش و



Scanned by CamScanner

جگەرە کێش و سەبیلە کێش یەکسانن، هەمویان یەکسانن لە زیانەکانیاندا، وە هیچ بەسود نیە پەنایان بۆ ببەیت لەچارەسەری کێشەیەك یان کەمکردنەوەی فشاری دەرونیدا.

## ¤ جگەرەکێشەکان منداڵانێکی بچکۆلەن:

(لەگەڵ ڕێز و پۆزش بۆ جگەرەکێشەکان)

زانای دەرونی " دیسموند موریس " باسی ئەوەدەکات کە بەزۆری خستنی شتێك بۆ ناو دەم وەك جگەرە وێنەی جۆرێك لە حەزو و ئارەزوی گەڕانەوە دەکات بۆ ڕۆژەکانی منداڵی و سەرەتای تاقی منداڵی لەوکاتەی کە مرۆڤ دڵنیا و ئارام و بێوەی بوو لەکاتی بوونی مەمکی دایکی لەناو دەمیدا، لەبەر ئەوە جگەرە کێشەکان پەنا دەبەنە بەر کێشانی جگەرە بۆ کەمکردنەوەی فشاری دەرونی بەشێوازێکی نائاگا لەشێوەی کاتی شیرەخۆری.





Scanned by CamScanner

هەمان شتیش جێبەجێ دەبێت بەسەر پەنجەکردن بەدەمدا یـان دانـانی لایـەکی چـاویلکە لەناودەمـدا..وەك وێنەکـەی خوارەوە.



Scanned by CamScanner



# چۆن وێنایەکی بەهێز بۆخۆت دەکێشیت لەچاوی ئەوانی تردا؟

¤ مەدالیا یاخود جوانکاری وزەبەخش:

ئایا تائێستا ڕوینەداوە بۆت ڕۆیشتبیت بۆ دیدار و موقابەلەی کارێك هەستت بە چونەوەیەك و گچکەیی کردبێت لەناو نوسینگە و ژوری خاوەن کارەکەدا؟!

هەڵبژاردنی جۆری کورسیەکان و بەرزیەکانیان و شێوازەکاتی دانان و ڕێکوپێککردنی کەلوپەلەکانی ژورەکە کاریگەریەکی گەورەی هەیە لە بەرزکردنەوەی پلە و شان و شکۆی خاوەن کارەکە و دەرخستنی بەشێوازێکی بەهێز و هەیبەت و دەسەلاٚت.

با ئەوە ڕون بکەینەوە...

¤ قەبارەی کورسیەکە:

هەتاکو پشتی کورسیەکە بەرزتر بێت کەسی دانیشتو لەسەری زیاتر بە بەهێزی و هەیبەت دەرەکەوێت.

پادشاو فەرمانڕەواکان و خاوەن مەرکەزە گەورەکان گرنگی بەم لایەنە دەدەن لە هەڵبژاردنی تەخت و کورسیەکانیاندا بۆ



Scanned by CamScanner

گەورەکردنی خۆیان لەبەردەم بەردەست و ژێردەستە و کارگوزارەکانیاندا، وە کورسیە دروستکراوەکان لەچەرم کاریگەریەکی بەهێزتریان هەیە وەك لە کورسیە دارەکان، وە هەروەها کورسیە جولاوەکانیش لەچاو کورسیە جێگیر و نەجولاوەکاندا.

## ◘ شوێنی کورسیەکان:

دیسان تێبینیکراوە کە چۆنیەتی ڕێکوپێککردن و دانانی کەلوپەلەکانی ژورو نوسینگەکان ڕۆڵێکی تایبەت دەگێڕێت لە دەرخستنی گەورەیی و شان و شکۆی خاوەن کارەکەدا.

لە گرنگترین ئەو لایەنانەش بوونی کورسی میوان و سەردانکارە لە جێگایەکی تارادەیەك دور لە کورسی یان نوسینگەی خاوەن شوێنەکە، ئەوەش بەشداری دەکات دیسان لە دەرخستن و پیشان دانی بەشێوەیەکی بەهێزتر..لەکاتێکدا کە پێچەوانەکەیمان بینی ئەوا هەستکردن بەسام و هەیبەت و هێز کەم دەبێتەوە.

وەك چۆن هەندێك کەسیش هەن (تەپڵەك و پاکەتی جگەرەکانیان) کەمێك دور لەمیوان دادەنێن بۆئەوەی کەسی میوان بەتەواوی ئاسودە نەبێت..ئەمەش دیسان خزمەتی هەمان مەبەست دەکات.



Scanned by CamScanner

چەند میکانیزمێکی تر:

- دانانی پاڵپشت و گۆشەی نزم بۆ میوانەکان.
- دانانی قوفڵ لەسەر تەلەفۆنی تایبەت.
- دانانی پەراویزێك لەسەر دیوار بۆ هەڵواسینی بڕوانامەکانی ڕێزلێنان، وە وێنە فۆتۆییە دیارەکان لەگەڵ کەسایەتیە گەورەکان.



- دانانی لافیتە و ناونیشانێك لەسەر مێز یاخود دەرگای نوسینگەکە کە سیفەتی پیشەیی خاوەنی جێگاکەی تێدایە.

گرنگایەتی دەرکەوتن بە ڕوکارێکی گونجاو لەبەردەم خەڵکیدا:

مرۆڤ بەسروشتی خۆی گرنگی بە ڕوکاری ئەوانی تر دەدات وەك ئەوەی کە خواستێکی سروشتی و فیتری بێت، منداڵ لە دوو مانگیدا یان سێدا حەزی لە وێنە فۆتۆگرافیە دیاریکراوەکان هەیە و دڵخۆش دەبێت پێی و سەرنجی ڕادەکێشێت لەکاتێکدا گرنگی بە وێنەکانی تر نادات.

وە هەر شتێك لەسەر جەستەت دایدەنێیت - وەك جلوبەرگ و ملوانکە و کاتژمێر و مەدالیا و پێڵاو و ڕازێنەرەوە



Scanned by CamScanner

جۆراوجۆرەکان - زمانێکی بێدەنگ دروستدەکات کە شتانێك دەربارەی تۆ بەوانی تر دەڵێت..لەبارەی پلەی گرنگایەتیتەوە لە کۆمەڵگادا.. لەبارەی داهاتت.. لەبارەی ڕۆشنبیریتەوە... لەبارەی کەسایەتیتەوە... پاڵنەرەکانتەوە... وهتد.

وە مەرج نیە کە پۆشاك و جلوبەرگ و ڕازێنەرەوەکانت گران بەها بن بەڵکو پێویستە ڕێك بکەوێت و بگونجێت لەگەڵ ئەو شوێن و جێگایەی کە نیازتە گوزەری بۆبکەیت، وە پێویستە گونجاویش بێت لەگەڵ سروشت و خواستی مرۆڤەکانی ئەو شوێنەش...ئەوە ئەو شتەیە کە پێویستە پێشتر بیزانیت.

گریمان تۆ دەتەوێت هاوڕێیانێکی نوێ پەیدا بکەیت.. پێویستە پێشتر بزانیت کێن ئەو هاوڕێیانە؟ وە سەبارەت بەخۆیان چی دەڵێن بۆ هەڵبژاردنی جلوبەرگەکانیان؟ جا ئەگەر ئەوەی کە دەیانویست بیڵێن " دەوڵەمەندی" بوو ئەوا بێگومان دەبێت جلوبەرگێکی کەشخە لەبەر بکەیت تاکو بیانگونجێنیت و بیانکەیت بەدۆست و هاوڕێی خۆت..بەڵام ئەگەر جلوبەرگەکانیان ئاماژە بە دەوڵەمەندی و زەنگینی نادات ئەوا دەتوانیت جلوبەرگێك هەڵبژێریت لە قوماش و پارچە هەرزان و ئاساییەکان.



Scanned by CamScanner

## ¤ چۆن ڕۆحی سەرکردایەتی لای خۆت گەشە پێدەدەیت؟

بەتێڕوانین بۆ " ئارایشت و ڕازێنەرە دەرەکیەکان" کە هاوکاری دروستکردنی کەسایەتی دەکات، ئەوا بێگومان دەبێت زمانی سەرکردایەتی بزانیت.

خاوەنی هەر کارێك کە کۆمەڵێك تاك بەڕێوەدەبات بێگومان دەبێت متمانەی بەخۆی هەبێت، وە زمانێکی بێدەنگ بدۆزێتەوە بۆ دەربڕینی ناخی خۆی لەبەردەم ئەوانی تردا، ئەوەش چەند لایەنێك دەگرێتەوە وەك شێوازی ڕۆیشتن و تەوقەکردن و قسەکردن بۆ کارمەندان و ژێردەستەکان.

پێویستە ڕوانین و سەرنجی ڕاستەخۆ بۆ ئەوکەسانە بێت کە قسەیان لەگەڵ دەکات، وە دەنگی بەرز و بیستراو بێت تاڕادەیەکی گونجاو و تەواو، وەپێویستە تێبینی کاریگەریی قسەکانی بکات لەسەر ئەوانی تر، وە بە زیرەکیەوە نرخ بۆ گەڕان بەدوای هەر بەرهەڵەستکارێکدا دابنێت ، وە بەشێوازێکی گشتی پێویستە لەسەری کە دڵنیابێت لەو تیمەی کە لەپشتیەوە کاردەکەن بەپێی ئەو یاسا و دەستورەی ئەو دایڕێژاوە بۆکارکردن، جا ئەگەر سەرکەوتوبوو لە بەدیهێنانی ئەوانەدا ئەوە هەر بەڕاستی سەرکردەیەکی سەرکەوتووە.



Scanned by CamScanner



# چۆن خەڵکی بە جەستەیان قسەت بۆدەکەن دەربارەی پلەکانی نێوانیان؟

¤ چەمانەوە لەبەردەم ئەوانی تردا:

خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿ ورفعنا بعضكم فوق بعض درجات﴾ (الزخرف:٣٢).

جا شێواز و وێنەی کۆبونەوە و تێکەڵیەکانی مرۆڤ پێمانی دەڵێن کە گشتیان یەکسان نین..خانەدان و خزمەتکار..زانا و نەزان..دەوڵەمەند و هەژار..بونیان هەیە.

وە یەکێك لەو شێوازانەی کە خەڵکی لەم پلەبەندی و ناچونیەکیەدا دەربڕینی پێدەکەن لەمامەڵەکانیاندا پیشاندانی بارێکی بەرزە لەشوێنێکدا...وەرە با ئەمەش ڕونبکەینەوە.

دادوەر لە دادگادا لەجێگایەکی بەرزتر لەشوێنی ئامادەبوان دادەنیشێت..چونکە بڕیاری بەدەستە سەبارەت بەو کێشە و هەرایانەی کە دێتەبەردەستی.

وە سەرۆك یان پادشا کاتێك بۆ خەڵکی دەدوێت دەچێتە سەر تەخت یان بەرزیەك، چونکە ئەو سەرەوکاریان دەکات و پێشڕەویان دەکات، وە وتاربێژ لە مزگەوتدا وتار بۆ



Scanned by CamScanner

نوێــژخوێنان دەدات لەســـەر مینبـــەر. چــونکە زیــاتر لـــەوان شارەزایە بە کاروبارەکانی دین.

وەرهەر بەو جۆرە..

یـەکێکی تـر لـە بـارە باوەکـانی نێـوان خـەڵکی لـە کۆمـەڵ و کۆبونەوەکاندا و ئەوەی کە دیسان پشت دەبەستێت بە بنـەمای " بـــەرزبون و نزمبونـــەوە" چـــەمانەوەی تەوقـــەکارە کـــاتی تەوقەکردن لەگەڵ کەسێکی گرنگ یـان خـاوەن زانسـت و یـان ئەزمون و پلەوپایەیەك.

جـا ئـەو بـارە دەڵێـت: " مـن ڕێـزت دەگـرم..مـن نرخـت بـۆ دادەنێم...تۆ خاوەن شکۆیت".



◘ درێژ و کورت:

باوەڕبکەین یان نا ئەوا دۆخ و بار و دیاردەکان پێمان دەڵێن کـە ئـەو کەسانەی درێـژتر بـن لەخـــەڵکی دەبێـــت جارجـــار لەبـــــەردەم کورتەکانـــــدا بـچەمێنەوە، چـونکە زیـادەی بـاڵای کەسـەکە زۆربـەی جـار جۆرێـك لـە گەورەیـەتی و سـەرداری بەسـەر باڵاکورتەکانـدا



Scanned by CamScanner

دەسـەپێنێت...ئەمـەش واتـای ئـەوە نیـە کەئـەوان بـەڤیز و خۆبەگـەورەزان بـن بـەڵکو بـالاّ بـەرزەکانیان لـەوانی تـر دەبێتـە هۆی چەمینەوەیان لەبەردەم خەڵکیدا.

گونجـان و لێهـاتویی....چـەکی تۆیـە لـە دۆخـە شەرمهێنەکاندا:

بێگومان ئێمە ناتوانین بالاّمان کورت یان درێژ بکەین..بەلاّم دەتوانین بنەمای " نزمبونەوە و بەرزبونەوە" بەکاربهێنین بۆ دەربازبون لەهەندێك لەدۆخە شەرمهێنەرەکان کە ڕوبەڕویان دەبینەوە، ئەو دۆخەی کە ڕەنگە " زمانی بێدەنگ" زۆر کاریگەریی بەهێزتری هەبێت لە زمانی قسەکردن.

ئەم نمونەیە بۆتۆ:

گریمـان تـۆ بـە ئۆتۆمبێلەکـەت لـەخێرایی دیـاریکراو لات داوە، وە مـولازمێکی هاتوچـۆ بـە ئۆتۆمبێلەکـەی پێـت دەگات...گریمان تۆ هـەر بەڕاستی هەڵەیت..چی دەکەیت لەو حاڵەتەدا؟

دەتوانیت بمێنیتەوە لەسەر قوشنەکەت لەناو ئۆتۆمبێلەکەتدا و مولازمەکەش بێت بۆلای ئۆتۆمبێلەکەت یان بابڵێین تۆ لەناوچەی دەسەلاّت و هێزی خۆتداماویتەوە لەکاتێکدا مولازمەکە ناوچەی دەسەلاّت و هێزی خۆی جێهێلاّوە و هاتووە



Scanned by CamScanner

بۆلای تۆ.بەوەش تۆ "بەربەستێك یان كۆسپێكت " لەنێوانتاندا دروستكردووە.



جا ئەگەری سەركەوتنت لە چاوپۆشینی مولازمەكە لەسزادانت لەم حاڵەتەدا زۆر لاوازە، چون بەزۆری ئەو هەڵدەستێ بە لێسەندنی مۆڵەتی شۆفێریەكەت و ئینجا سزایەك یان غەرامەیەكت بەپێی خێرایی بڕیارلەسەردراو بەسەردا دەدات.

بەڵام گریمان تۆ دابەزیت لەسەیارەكەت (واتە لەشوێنی دەسەڵات و هێزت ترازایت) و ڕوت كردە لای مولازمەكە و جۆرێك لەچەمانەوەی سادەت نیشان دا لەبەردەمیدا لەگەڵ نیشاندانی كردنەوەی هەردوو بەری دەست بۆ سەرەوە ( وەك وێنەكە) ئەوەی كە ئاماژەیە، وەك پێشتر وتمان، بۆ ڕونبێژی و ئەمانەت، پاشان سوپاست كرد چونكە لە بێ ئاگایی ڕای پەڕاندیت و ڕایوەستاندیت لە زیادەڕۆیی كردن لەخێراییەكەتدا، ئەوا بێگومان ئەوەی كە لە بارەكانی " زمانی بێدەنگ " پیشانت دا بە ڕادەیەكی گەورە هاوكاریت دەكات لەوەی كە وتت لە بەڵگەكانی (زمانی بێدەنگ" لە سوككردنی



Scanned by CamScanner

سزاكە و ڕەنگیشە مولازمەكە هەر بە ئاگاداركردنەوەیەك وازت لێ بهێنێت.

وەك چۆن پێویستە بزانیت هەركام لەئێمە لەباری سەركردایەتی و هێزدایە بەسەر لایەنەكەی تردا لەناو ماڵی خۆیدا یان نوسینگەكەیدا یان ئۆتۆمبێلەكەیدا " ناوچەی دەسەڵات"..جا بۆئەوەی هەستی ئەم دەسەڵات و سیادەتە لای میوانان بسڕینەوە ئەوا پێویستە زمانی بێدەنگ بەكاربهێنیت لە بەخێرهاتن و پێشوزای كردندا و لەكاتی قسەكردن و كۆتاییهێنانت بە دیدارەكەدا.





Scanned by CamScanner



# ڕووناسی (ڕوکەشناسی) لای عەرەبە پێشینەکان

*_______________________________________*

هەندێك لەو شتانەی پێشەوا فەخرەدینی ڕازی لەبارەی ناسینی ڕەوشت و ڕەفتاری خەڵکیەوە ووتویەتی:

دەنگی خەڵکی ئاماژەیە لەسەر کەسایەتیان!

- هەرکەس دەنگی گڕو نێر و بەرز و زولاڵ بێت ئەوە ئازا و فێڵەباز و ساختەچیە.
- هەرکەس قسەکانی پەلەبێت ئەوا بزێو و کەم تێگەیشتنە.
- هەرکەس قسەکانی سوك بێت ئەوە بەپێچەوانەی پێشوو.
- هەرکەس دەنگی ناپەسەند بێت لەگشت ڕویەکیەوە ئەوا پیسکە و حەسودە و شەڕدەشارێتەوە،(ئاگری ژێرکایە).
- هەرکەسیش دەنگی خۆش و ساز بوو ئەوا بەڵگەی کەم زیرەکیەتی.
- هەرکەسیش هەناسەی سوار و توند بوو ئەوا ئەیگرێت لەقسەدا و گران قسەدەکات.

¤ کەم پێکەنین و زۆر پێکەنین..چی دەگەیەنێت؟

هەرکەس زۆر پێ بکەنێت ئەوە ئاسانکارە و زۆر گوێ نادات بەکاروبارەکان.



Scanned by CamScanner

هەرکەسیش کەم خەندە بێت ئەو دژ و ڕەتکەرە و جیاوازە، قایل نابێت بە کارەکانی خەڵکی.

هەرکەس پێکەنینی بەرز بێت زمان درێژ و چەقاوەسوە و خەڵکی بریندار دەکات.

هەرکەس کاتی پێکەنین تەنگەنەفەسی و کۆکە گرتی ئەوە چەقاوەسو و زمان درێژ و دەنگ زل و دەم بەهاوارە.

⌑ وریابە..زۆر جولانی چاو بەڵگەی فیلّ و تەڵەکەیە!

هەر کەس چاوەکانی بە خێرایی و توندی دەجوڵێت یان دەجوڵێنێت، وە تیژ ڕوانە..ئەوە فێڵەبارزە، دەست برە، دزە، ئەم بەڵگەیەش لەوەوە وەرگیراوە کە ناپاک ها لەدۆخی چون بەرەو ناپاکیدا چاوەکانیشی بەم سیفەتەوە دەردەکەوێت.

هەرکەسیش جوڵەی چاوەکانی خاو و هێواش بێت وەك ڕاوەستاو وابێت ئەوە خاوەن بیر و پلانە، ئەم بەڵگەیەش وەرگیراوە لەوەی کە مرۆڤ ئەگەر چووە ناو بیرکردنەوەوە چاوی بەکراوەیی دەمێنێتەوە.

⌑ ئەم پیاوە شێت و دێوانیە:

چاوێك زۆر ئاوبکات و بپرتێت ئاماژەیە بۆ شێتی و ترسنۆکی.

خاوەن چاوە زۆر لەرزۆك و تروکاوەکان بەزیان و شەڕفرۆشن ئەگەر چاوەکە بچکۆلە بوو، ئەگەر گەورەش بوو ئەوا کەم زیانی و شەڕفرۆشتنە و زۆر گەوجێتیشە.



Scanned by CamScanner

◆ **میزاجی خەڵکی و جۆرەکانی:**

**⇐میزاج چیە؟**

میزاج یان دەرونە یاخود تاقەت یان ئامرازێکی دەرونە بۆ کارەکانی، لەهەردوو گریمانەکەدا ڕەفتاری دیار و ڕەفتاری نادیار بێگومان دەبێت شوێنکەوتوی میزاج بن، ئەگەر ئەوە جێگیر بوو ئەوا دەرخستی ڕەفتاری دیار بەسەر ڕەفتاری نادیاردا دەڕوات بەپێچکەی دەرخستندا بەڕودانی یەکێك لە پێویستیەکان بەسەر ڕودانی ئەوی تردا، گومانیش لەوەدا نیە کە ئەم جۆرە ئەگەرە دروستە.

**⇐ نیشانەکانی میزاجی تەواو:**

بەلاّم لەکارە دەرونیەکاندا: تاکو پێکهاتەکانی تەواو و کاملتر بێت ئەوا باشترە، وە من پێم وایە کە کاملبوون لە گشت پێکهاتەکانی ناوەوەدا شتێکی نەشیاو و ئەستەمە، چونکە تەڕێتی یارمەتیدەری ئاسان بیرکردنەوەیە بەلاّم ڕێگری هێزی لەبەرکردنە، هەروەها بەپێچەوانەشەوە وشکێتی ڕێگری پاك بیری و مێشك سافیە بەلاّم یارمەتیدەری هێزی لەبەرکردنە، جا ئیتر چۆن کامڵ بوون ڕودەدات لەگشت ئەم بارانەدا؟ مەگەر تەنها بڵێین کە دەرون لەم کارانەدا دەوڵەمەندە لە ئامراز و ئامێرە جەستەییەکاندا، ئەوکات ئەمە ڕاست دەبێت.



Scanned by CamScanner

هێز و پێکهاتەی بزوێنەر: تاکو بەهێزتر بێت باشترە.

بەلاّم هەڵەشەیی و ترسنۆکی و تورەیی و دەست بلاّوی و دڵڕەقی و سۆز و هۆگری و توندی و هێمنی و نەرمونیانی باشتر وایە تەنها لە ناوەندگیریدا بێت.

بەلاّم هێز و پێکهاتەی وێنەکێش: ئەوەی تیایدا مامناوەند بێت ئەوا لەکارەکانیشیدا مامناوەندە.

بەلاّم هێزی گەورەکردن و پەرەسێن: ناوەندگیری لەنێوان قەڵەویەکی لەڕادەبەدەر و لەڕیەکی لەڕادەبەدەر دا.

بەلاّم هێزی ئاسایی: تاکو ئەندامەکان ڕێك و لێکچوو و نزیك یەك بن ئەوا میزاجیش زیاتر تەواو و ڕێکوپێك دەبێت.

بەلاّم هێزی هەرسکردن: واباشە کە لەنێوان زوو هەرسکردن و درەنگ هەرسکردندا بێت(بسوت و نەسوت).

## ⇐نیشانەکانی میزاجی ناتەواو:

ئەوەیە کە هەندێك لە ئەندامەکانی ڕێك نین لەگەڵ یەکدا: یان لەمیزاج و دەروندا یان لە پێکهاتە و ئەندامەکاندا، بەلاّم لە میزاجدا: ئەوەیە کە هەر ئەندامێك لە ئەندامە سەرەکیەکان دەرچێت لە وی تر(لەتێکەڵی ئەوی تر)، بەلاّم ئەوەی لە پێکهاتەدایە: ئەوەیە کە پیاو سك زل و پەنجە کورت و دەم وچاو خڕ و کورتەبالاّ بێت، یان زۆر سەرزل بێت(تەوقەسەرزل) یان زۆرسەر بچکۆلە بێت، مل ئەستور و ڕوخسار گۆشتن و پێ



Scanned by CamScanner

پـــان، وەك ئـــەوەی ڕوخـــساری نیـــو بازنـــەبێت وە ئەگـــەر کاکیلـەی(شـەویلگە)ی گـەورە بـوو ئـەوە تـەواو جیـاوازە، وە هـەروەها ئەگـەر سـەرخڕ و ڕوخـسار خـڕ بـوو، بـەڵام ئەگـەر دەموچـاوی زۆر درێـژبوو وە ملـی ئەسـتور و گۆشـتن بـوو و لەچـاوەکانی دا قـۆقزی هـەبوو ئـەوا دورتـرین کەسـە لـەخێر و چاکەوە.

◈ چـەندین بۆچـونی تـر دەربـارەی سروشـتی خەڵکی:

⇐ وریای کورتەباڵا بە!

لە پەندە بەناوبانگ و پێشینەکانی عەرەبدا هاتووە دەڵێت " هـەموو کورتەباڵایـەك فیتنەیـە" واتـە کورتەبنـەکان خـەڵکی فێڵبـاز و ئـاژاوەگێر(پلانگێـڕن)، وە ڕاڤـەی ئـەوەش لـەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە کورتی یەکێکە لەنیشانە لاوازەکان وە کورتـەباڵا زاڵ دەبێـت بەسەر ئەو لاوازیـەدا بە فێـڵ و تەڵەکە و فیتنەگێڕی.

بـەڵام باڵابـەرزی سیفەتێکی پەسـەند و خۆشەویـستە لای عەرەبـەکان بەتایبـەتی وە خاوەنەکـەی بـەهێزی و توانـای بڕیاردانی هەیە و شکۆمەند و خانەدانە، لەنمونەی ئەوانەش وتە و شیعری هەندێکیانە:



Scanned by CamScanner

أشم طويل الساعدين شمردل .... اذا لم يرح للمجد أصبح غاديا

هێز و موو:

لە ڕاستیە چەسپیوەکان ئەوەیە کە شەڕانی ترین ئاژەڵەکان و بەزیانترینیان ئەوانەن کە مویان زۆرە...وە بلیمەت و زرنگ و زیرەکەکانیش ئەوانەن کە کەم توك بێ موەکانن مەگەر بەدەگمەن نەبێت.

⇐ خاوەن ڕدێن و چەناگە جوانەکان عاقڵە داناکانن:

وە باشترین چەناگە و ڕدێنەکان ئاماژەن لەسەر باشە و ڕەوشتەبەرزەکان لای عەرەب ئەوەیە کە ڕەنگی موەکەی ڕەشی ترێیە،یان مەیلە و قاوەییەو نەزۆر خاوە نەزۆر لول و زبرە، نەزۆر پڕە نەزۆریش تەنکە، نەزۆر کورتە و نەزۆر درێژ، وە ژێر لچیشی ساف و بێ توك نیە و هەروەها هەموو شوێنەکانی ڕیشی پڕبۆتەوە(نزیك ئێسکەکانی ددان) وە قژی بەلادا نەکەوتوە وە دوبەش نیە، وە(لول نیە وەك پەلکە) نەقژی زبر و لولە نە نەرمیشە، هەروەها مو لەسەر کولمەکانی نیە یان ژێر مەلاشو یاخود سەرقوڕگ، وە موی ڕیشەکە پەیوەست نیە بە موی سەرەوە لە لاجانگەکانەوە(قەنافسەوە)، جا ئەگەر



Scanned by CamScanner

ئەمانـەت بـەدی کـرد ئـەوا بەڵگەیـە لەسـەر عـەقڵ و زانـست و پاکێتی و ئازایەتی و زیرەکی و گشت باشەیەك".

⇐ پێ و قاچی پیاوەتی گەیێن!

پێـی بـن پـان و فـلات ، ئامـاژەیـە بـۆ پیـاوەتی و هێـز و خـۆڕاگری، بـەڵام پێـی باریـك و بـن چاڵ(واتـە بنەکـەی فـلات نەبێت) ئامـاژەن بۆ میزاجـی نـەرم و نیان و لاوازی جەسـتە و ڕێکـی ئەندامـەکانی، وە هەنـدێك وای بـۆ دەچـن کـە لـەزۆری سەرکەوتنەوەبێت یان لە سەربەرزی و سـەرداریەوەبێت)، بـەڵام عەرەبـەکان پێـی ڕێـك و ڕەسـەنیان بەیـەکێك لەنیـشانەکانی جوانی و کەشخەیی دادەنا وەك:

ومشت على قدمين خصرتا.....للطافة فتكامل القد

وە ماناگەیـەن تـرین پێیەکان دەربارەی ڕەوشـتە جوانـەکان لای پێشینەکان " پێی درێژی ناسك و پاژنەخڕی پوز گۆشتنە بەڵام ئەوەی کەخۆی گۆشتی کەمە، قەبارەکـەی نـەزۆر گـەورە و نـەزۆر بـچوکە و پەنجـەکان گونجـاو و ڕێکـن و نینۆکـەکانی پاکژن".

⇐ ڕەوشــت و سروشــتی خــەڵکی دیــارە بــەهۆی نوسین و خەتەکانیانەوە:

یەکێك لە پەندە پێشینەکانی عەرەب دەڵێت:" هـەر پـەرتوك و نوسین و کەسێك بخوێنمـەوە ڕادەی عـەقڵ و هۆشـی دەزانم،



Scanned by CamScanner

ئەوە ووتەیەکە ئەزمون و تاقیکاری دەیسەلمێنێت، وە مەبەست لێی ئەوەیە کە پەرتوکەکە چی لەدووتوێیدا هەڵدەگرێت لەماناکان و بەڵگەکان بە (چاوپۆشین لەسەر شێوەی خەتەکە) بەچاو خستنە سەر خەتەکە، وە هەروەها داڕشتنی نوسەرەکە ئاماژەیە لەسەر عەقڵ و هۆشی، وە خەتەکەی لەسەر ڕەفتار و سروشتی، ئەوەش چونکە سروشت و دەرونی مرۆڤ نەقش دەبەستێت و ڕەنگ دەداتەوە لەسەر کردارەکان و گشت بارەکانی تری، بۆ نمونە هەرکەس بەسروشت حەزی لە پەلەپەل بێت دەبینیت لەقسە و ڕۆیشتن و نانخواردن و گشت کارەکانیدا پەلە دەکات، وە بەپێچەوانەشەوە هەر کەس بەسروشتی حەزی لە لەسەرخۆیی بێت ئەوا لەسەرخۆیە لەگشت شتێك کە ئەنجامی دەدات، وە هەروەها هەر کەس بەسروشتی خۆی حەزی بە ڕێکوپێکی و ڕێکخستن بێت ئەوا دەردەکەوێت لە قیافە و پۆشاکیدا، وە لە کەلوپەلی ماڵەکەی و سفرە و خوانەکەیدا، وە لەقسەکانیدا، وە هەروەها ئەمە درێژدەبێتەوە بۆ کارە عەقلی و هزریەکانیشی دەبینیت بەڵگەکانی ڕێکوپێك و گونجاون، وە حساباتەکانی ڕون و ڕەوان و هاوسەنگن، وە لەهەمان کاتدا کەسی سروشت پەشێو و ناجێگیر هەستی پێدەکەیت لە هەر جوڵەیەکی مادی و مەعنەوییدا، جا ئەگەر پۆشاکێکی لەبەر کرد ئەوا



Scanned by CamScanner

ڕێکخستنەکەی خراپە، داخستنی قۆبچەکانی لەبیردەکات، یان بۆینباخەکەی بەجوانی نابەستێت، ئەگەر بچیتە ژورەکەیشی دەبینیت کراسەکەی لەسەر تەختەخەوەکەیەتی و پشتوێنەکەی لەسەر کورسیەکە و خاولیەکەی لەسەر زەویە، ئەگەر دەفتەرەکانیشی بکەیتەوە نازانیت چی بەسەر چیەوەیە، خۆیشی ئەوە نازانێت، وەگەر قسەیشت لەگەڵ کرد لەبابەتێکدا بەڵگەکان تێکەڵ دەکات و قسەکانی ناڕێکوپێکن، ئەوەش بەسەر گشت بارەکانی خەڵکیدا پێوانەدەکرێت تۆ دەتوانیت سیفات و سروشتیان بزانیت لەمیانەی کردارەکانیانەوە.

⇐ ئازا و ترسنۆک...چۆن دەناسیت؟

ملی کورت و ئەستور لەپیاودا ئاماژەیە بۆ هێز و ئازایەتی و ئارامگرتن لەسەر تەنگانە، بەڵام ملی باریك خاوەنەکەی بێگۆشت و لاواز و نەرمونیانە لەگەڵ ترسنۆکیدا، زیاتر لەژناندا هەیە وەك لەپیاواندا.

وە لەماناگەیەنترین ملەکانی دەربارەی ڕەوشت و سروشتی پەسەند لای عەرەبەکان :" ئەوەیە کە مل یەکسان بێت لەنێوان باریکی و ئەستوریدا وە لەنێوان کورتی و درێژیدا، وەهەروەها نەرموشل بێت دەمارەکانی و بۆری هەناسە و قوڕقوڕاگە و بڕبڕەکانی باریك و وردبێت هەروەها ڕەنگی ڕۆشن و جوان بێت.



Scanned by CamScanner

## ⇐ڕوکەشزانیی ئاژەڵ لای عەرەبەکان:

لای عەرەبەکان ڕوکەشناسی تەنها چڕنەکرابویەوە لەسەر مرۆڤ بەڵکو ئەو ڕوکەشناسیە ئاژەڵانیشی گرتۆتەوە هەربۆیە ئاماژەیان بە سروشت و ڕەفتاری زۆرێک لەئاژەڵان داوە لەجۆرەکانیان و تێبینیکردنی کردارەکانیانەوە.

لەبارەی ئاژەڵانەوە ووتویانە:

ڕێوی: ساختەچیە، فێڵبازە، زەبون و کەساسە، ڕقاوی و سڵکەرەوەیە، دزە، حەزی بەیاریکردن زۆرە.

بەراز: نەفس نزم و سوکە، ڕقاویە، نەترسە، نەزانە، قیرسچمەیە، زۆر یاریدەکات.

پڵنگی خەت خەت: خۆپەرست، لوتبەرز، شانازیکەر، ناخ شارەوە، خاوەن ورە و شەرم، ڕقاوی، حەزی لەکوشتوبڕی ئەوەیە کە بەرهەڵستیی دەکات، لەگەڵ بێوەیدا بێوەیە، ژنانی و نامەردە لەکارەکانیدا، هۆگر نابێ و ماڵی ناکرێت.

شێر: هیممەت بەرز، زیت و وریا، ئارامگر، بەهێز، زۆرزان، چاونەترس، توڕەلەدوای هێمنی، خۆگر، مەردەکار و بەهەڵمەت.



Scanned by CamScanner

پڵنگی خاڵ خاڵ: زیت و چالاك، زۆر تووڕە، خۆپەرست، سەرسام بەخۆ، هۆگر، خاوەن ناز، دەرون توند، حەزی لەڕابواردن و بەخشینە، شەڕدەکات.

ورچ: پیسە بە نەزانی و بێ ئاگایی، زۆرستەمکار، بێ ئاگا، لاقرتێ بەتووڕەدەکات، لەسەرخۆ ملکەچ دەکات بەهێز.

کەمتیار: بەهێز، گێل، زەبونە لەزێدی خۆیدا، دڕ و ئازایە لە زێدی بێگانە و غەریبیدا، چڵێس و زۆر خۆر، هەوەسباز، خەڵەتێنراو، بێ ئاگایی بەسەریدا زاڵە.

مەیمون( سەگسار): داوێن پیس، فریودەر، گاڵتەچی، زیرەك، پیس، نەزان.

سەگ: هۆگر، وەفادار، پیس و چەپەڵ، چڵێس، پێداگر، کۆڵنەدەر، هەڵەوەڕ، ئارامگر، پارێزەر، وەرەڕوخا و نزم، بەدڕەفتار، کەم شەرم، ڕق لەبێگانە، زەبون لە غەریبیدا، ئازا لە زێدی خۆیدا، فێڵباز لەکاتی پێداویستیدا، ئێشکگر بۆ پاسەوانی.

پشیلە: هۆگر، سەرسام بەخۆ، حەزکەر لەڕابواردن، چوست و چالاك، سپڵە، پێداگر، فێڵباز، چاودێر و چاوتیژ، هۆگری شوێن دەبێت بەڵام هۆگری مرۆز نابێت کاتی پێویستی نەبێت.



Scanned by CamScanner

کەروێشك: خۆپەرست، هۆگر، ئارامگر، کەم شەڕ، قایل و قانیع، نێرەبۆخۆی.

گا(چێڵ): هۆگر، زرنگ و زیرەك، ڕەق ڕەفتار، دڵتەنگ و بەئالۆش(هەوەسباز)، ئازا و نەبەز.

گامێش: زرنگ، خەمخۆر، هۆگر، شکۆمەند و بەفیز، ئازا، قیناوی، بەهێز، رق لە بێگانە.

فیل: دەرون بەهێز، ئازا، ورەبەرز، شکۆدار، حەزکەر لەشادی، نهێنگر، ناپاك، حەزکەر لەفەساد.

وشتر: ئارامگر، نەزان، هۆگر، ڕقاوی، بەخشندە، هەڵەوەڕ، کەساس و زەبون.

بزن: زیرەك، بێ حەیا و چەقاوەسو، فێڵباز، کەم سۆز و بێ بەزەیی، زۆر یاریکەر، سەرکردە لەجێگای خۆیدا، ئازا و نەبەز.

مەڕ(پەز): بێ ئاگا، هۆگر، گێژ، بێ بەڕی لەشەڕ، ئازا لەژیانیدا بێ هی تر.

ئەسپ: بەهێز، گاڵتەچی، هۆگر، ئارامگر، سەرسام بەخۆ، یاریکەر، ناپاك، ئازا.

هێستر: بەدخو، ناپاك، بەهێز، هۆگر، گاڵتەچی، زۆر یاریکەر.

کەرەکێوی: خەمخۆر، چاوچڵێس، ڕقاوی و سڵکەرەوە، نەزان، وریاو بەپارێز، ماڵی نابێت، پارێزەری مێینەکەیەتی.



Scanned by CamScanner

زەڕافـە: دەرون شـاد، نـەزان و کـەودەن، گاڵتەچـی، گێـل گـەوج، زەبـون و دڵـشکاو، بـێ ئاگـا، زۆر دوژمنکـار لەگـەڵ خراپەکاردا.

وشـترمورخ(نەعامـە): زۆر نـەزان و گێـل گـەوج، کـەودەن، ئارامگر و لەسەرخۆ، خاوەن ورە و شادی و ڕۆح سوکیە.

بەپشیتوانی خودا تەواو بوو

٢٠١٢/١١/١٥

سیدصادق



Scanned by CamScanner

# بەرهەمەکانی وەرگێڕ

١ – چـۆن دەبیتـــە کەســـایەتیەکی ســـەرکەوتوی داهێنـــەر، نوسینی: دیل کارنگی.

٢ – هێزی بیرکردنەوە، نوسینی: د.ابراهیم فەقیە.

٣ – کەسایەتی کاریگەر، نوسینی: هانی سلیمان.

٤– چۆن گەشە بەبیرت دەدەیت، نوسینی: هانی سلیمان.

٥– هەرەســهێنانی مارکـــسیەت و تەنگـــژەی ســـەرمایەداری، نوسینی: ابراهیم الحلبی.

٦– چۆن دەبیتە کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی، د.ابراهیم فەقیە.

٧– چۆن ئامـانج و ئارەزوەکانـت بـەدی دەهێنیـت؟!د.ابـراهیم فەقیە.



Scanned by CamScanner